

چەند خوێندکارێکی خوێندنگەیەکی کوردستان و مامۆستاکەیان (وێنەکان: جەمال پێنجوینی)

**... قۆناغی ئامادەیی لە سوید ئارەزوومەندانەیە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی هەموو قوتابییەک دەچێتە ئامادەیی. کۆمەڵی سەردەم و بازاڕی کار پێویستی بە کەسانی خوێندەوار و شارەزا هەیە...**

بە جێ بهێڵن و منداڵە کوڕەکان بۆ نێو بازاڕی کار و منداڵە کچەکانیش بەرەو چوار دیواری ماڵ، ڕاپێچ بکەن.

بە هەموو شێوەیەک هەڵەیە کە تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریا لە پۆلی سێی ناوەندیدا، بڕیاری ڕێڕەوی ژیانی هەرزەکارێکی پانزدە ساڵ بدات. دەبێت بڕیار بدەین کام کۆمەڵگا بۆ نەوەی داهاتوو بە جێ بهێڵین، هەر کۆمەڵگایەک ڕێز لە توانای داهێنەرانەی منداڵان و هەرزەکارانی نەگرێت، منداڵان و هەرزەکارانی هان نەدات بە کاری بەردەوام تواناکانیان گەشە پێ بدەن، ئەو کۆمەڵگایە لە ڕێڕەوی پێشکەوتن دوا دەکەوێت.

ئەمڕۆ تەنیا پێوەرێک بۆ خوێندنی بەردەوام لە زانکۆ و پەیمانگاکاندا لە کوردستان، تەنیا ئەنجامی تاقیکردنەوەکانی بەکالۆریایە. بڕیاری دوارۆژی هەزارەها قوتابی و خوێندکاری شەشی ئامادەیی بەستراوە بە توانای تەنیا دوو هەفتەیانەوە. سیستەمی بەکالۆریا مۆتەکەیەکە، بە هیچ شێوەیەک ناهێڵێت منداڵان و لاوانی کورد برەو بە توانای داهێنەرانەیان بدەن.

باشترین ڕێگا بۆ چارەسەری ئەم گرفتە گەورەیە، لابردنی تاقیکردنەوەی بەکالۆریایە لە هەموو ئاستەکاندا و دانانی سیستەمی تاقیکردنەوەی میللییە لە جێگایدا کە ئەنجامەکەی تەنیا بۆ بەراوردکردن، لەنێوان قوتابخانەکانی وڵاتدا، بێت. لە ئاستی ئامادەییدا دەبێت ئەنجامی هەموو تاقیکردنەوەکانی قوتابی لە پۆلی چوا رو پێنج و شەشی ئامادەیی ببێتە ئەنجامی کۆتایی قوتابی بۆ داواکردنی خوێندنی بەرز لە ئامۆژگا و زانکۆکاندا.


**... ئەو سیستەمەی کە تەنیا و تەنیا تاقیکردنەوە پێوەری توانا و ژیری منداڵان و قوتابییان نیشا نەدەدات، بەهرە و ئارەزووی داهێنەرانە لای منداڵان و هەرزەکاران دەمرێنێت...**

# گۆڤاری «چشم‌انداز ایران» و چەواشەکردنی مێژووی بزووتنەوەی کوردستان

ئەحمەد ئەسکەندەری

## سەرەتا

*«چشم‌انداز ایران» (چشم‌انداز واتە ڕوانگە، بەرژەوەند، ئاسۆ) گۆڤارێکە هەموو مانگێک لە تاران بڵاو دەبێتەوە. بەهاری ساڵی ٢٠٠٣ یەکەمین ژمارەی «چشم‌انداز ایران – ویژەء کردستان» (تایبەت بە کوردستان) دەرچوو. پاییزی ٢٠٠٥ ژمارەی دووهەمیشی بڵاو کرایەوە. ئەوە یەکەم جار بوو کە گۆڤارێک لە تاران بەو شێوەیە دوو ژمارەی خۆی تەرخان بکات بۆ باسکردن لەسەر پرسی کورد لە ئێران و هەروەها وێنەی ڕێبەرانی کورد بەتایبەت مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی و دوکتۆر قاسملو بڵاو بکاتەوە. لە هەردوو ژمارەکەی ئەم گۆڤارەدا وتووێژ کراوە لەگەڵ کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵەکانی ١٩٧٩-١٩٨٢دا و هەروەها چەند کەسایەتییەکی کورد کە لەو ساڵانەدا لە کوردستان یان لە تاران لە ئاڵوگۆڕەکان و ڕووداوەکاندا ڕۆڵێکیان هەبووە. لەبەرئەوەی مێژووی ئەو ساڵانەی کوردستان هێشتا بەوردی نەنووسراوە و بەتایبەت بۆ نووسەرانی کورد لەو بەشەی کوردستان خۆخەریککردن بەو بابەتانەوە بڤە بووە، لەبەرئەوەی هێندێک لە بۆچوونەکان بەئاشکرا دوورن لە ڕاستی و چەواشەکردنی ڕەوتی ڕووداوەکانە، لەبەر ئەوەی لەم وتووێژانەدا بەئاشکرا دەردەکەوێت کە لایەنی کورد خوازیاری دانووستاندن و گەیشتن بە ڕێگاچارەسەرێکی ئاشتیانە بووە و ئەوە لایەنی دەوڵەتبووە کە بەردەوام خۆی بۆ شەڕ و هێرشبردن ئامادە کردووە، بە پێویستم زانی بە پشتبەستن بە بەڵگەی ڕەسمیی ئەو سەردەمە و بڵاوکراوەکانی خودی کۆماری ئیسلامیی ئێران، هەرچەند بە کورتییش، تیشک بخەمە سەر چەند*



*لایەنێکی مێژووی ئەو ساڵانەی ئەم بەشە لە کوردستان.*
*لە چوارچێوەی ئەم باسەدا پێشتر نووسراوەیەکی ٢٣ لاپەڕەییم بە فارسی بڵاو کردووەتەوە لە ژێر سەردێڕی «نشریه چشم‌انداز ایران و ماموستا شیخ‌عزالدین‌حسینی» کە لە ژمارەیەکی زۆر لە سایتە کوردی و فارسییەکاندا بڵاو بووەتەوە.*


*ئەحمەد ئەسکەندەری*

لە مانگەکانی پێش ڕووخانی ڕژێمی شا لە کوردستان، هاوخەباتی و تێکەڵاوییەکی بێوێنە لەنێوان خەڵکی شارەکاندا سەریان هەڵدا، بەبێ ئەوەی لەلایەن ڕێکخراوێکی سیاسیی تایبەتەوە پلان و بەرنامەی بۆ داڕێژرا بێت. لە زۆربەی شارەکان شۆرای شار و هەروەها شۆرای مامۆستایان و خوێندکاران، بازاڕییەکان، کرێکاران و... هتد تا ڕادەیەکی زۆر کاروباری ناو شارەکانیان بە دەستەوە بوو. سەفەری لەم شارەوە بۆ ئەو شار بۆ بەشداری لە ناشتنی تەرمی شەهیدەکان و یان بەشداری لە کۆڕ و کۆمەڵی سیاسی و جەماوەریدا دیاردەیەک بوو تایبەت بە کوردستان کە لە بەشەکانی دیکەی ئێران بە دی نەدەکرا. ژنانی کوردستانیش ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو لە هەڵسووڕان و چالاکییەکاندا و چەندین ڕێکخراوی تایبەت بە خۆیان پێکهێنا. ئەم هاتوچووانە لە شارێکەوە بۆ شارێکی دیکە و چالاکییەکان بوونە هۆی ئەوەی کە هەڵسووڕاوانی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە ئاستی کوردستاندا بناسرێن. پاش ڕووخانی نیزامی پاشایەتی و هاتنەسەرکاری ڕژێمی ئیسلامی، لایەنە کوردییەکان و بەتایبەت حیزبی دێموکرات و کۆمەڵە بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتنە هەڵسووڕان و کۆکردنەوەی خەڵک لە دەوری ڕێکخراوەکانی خۆیان.

## داواکارییەکانی کورد لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٧٩ و یەکەمین نوێنەرانی حکوومەت

ئەو خواست و داواکارییانەی لە کۆڕ و کۆبوونەوەکاندا بەرجەستە دەکرانەوە بە شێوەیەکی گشتی بریتیبوون لە دامەزراندنی حکوومەتێکی دیموکراتیک لە ئێران بەو ئومێدەوە کە لەوەها هەلومەرجێکدا خەڵکی کوردستانیش بە مافی خۆیان دەگەن، هەرچەند هێشتا مافەکانی کورد و داواکانی لە حکوومەتی نوێ لە تاران گەڵاڵە نەکرابوو. شیعر و سروود و گێرانەوەی مێژووی کوردستان و نووسراوەی شۆڕشگێرانە لە ڕۆژەکانی سەردەمی ڕاپەڕینی جەماوەریدا لە دژی حکوومەتی شا ڕۆڵی گەورەیان هەبوو لە هاندانی خەڵکدا. لە کوردستان خەڵک دەیانزانی کە بە نەمانی ڕژێمی پێشوو ڕێگا خۆش دەکرێت بۆ بەدیهاتنی ئامانجەکانی ئەوان، بەڵام بەڕوونی

دیار نەبوو ئەم ئامانجانە کامانەن. یەکەمین دەستەی نوێنەرانی دەوڵەتی ئێران بە سەرۆکایەتیی داریوش٢ فرووهەر هەفتەیەک پاش ڕووخانی ڕژێمی پاشایەتی، واتە ڕۆژی ١٩٧٩/٢/١٨ گەیشتنە شاری مەهاباد. ئاغای داریوش فروهەر پاش قسەوباسێک بۆ خەڵک چوو بۆ لای مامۆستا شێخ عێزەدین حوسەینی. ڕۆژی دواتر دانیشتن لەگەڵ چەند کەسێکی هەڵبژێردراوی نوێنەرانی شارەکانی کوردستان کە هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتبوونە مەهاباد دەستی پێکرد. نوێنەرانی خەڵکی کوردستان لەم یەکەمین کۆبوونەوەی هاوبەشی خۆیاندا خەریکی ئامادەکردنی گەڵاڵەی داخوازەکانی خەڵکی کوردستان بوون، کە دواتر بە «گەڵاڵەی هەشت خاڵی(ی) مەهاباد» ناوبانگی دەرکرد. ئەم داواکارییانە پاش دوایین ئاڵوگۆڕ و دەستکاریکردن لەلایەن سەرجەم نوێنەرانەوە پەسند کرا و بە دەستیخودی دوکتۆر قاسملو نووسرایەوە و پێشکەش بە نوێنەرانی دەوڵەت کرا. لە خاڵی حەوتەمی ئەم گەڵاڵەیەدا نووسراوە: «هەموو نوێنەرانی ئامادەی ئەم کۆبوونەوە کە نوێنەری شارە کوردنشینەکانن، ڕایدەگەیەنن کە جەنابی مامۆستا شیخ عێزەدین حوسەینی شیاوی ئەوەیە کە سەرۆکایەتی هەر هەیئەتێک بکات کە لەلایەن گەلی کوردەوە لەگەڵ حکوومەتی ناوەندی گفتوگۆ دەکات . . .» (کتاب روزشمار جنگ ایران وعراق، پیدایش نظام جدید، بەرگی یەکەم لاپەڕەی ١٥٨ چاپی تاران). لە لاپەڕەی ١٥٧ی هەمان کتێبدا نووسراوە: «دەستەیەک لەژێر ناوی، نوێنەرانی شۆرا شۆڕشگێڕەکان لە شارەکانی کوردستانی ئێرانەوە، لە مەهاباد کۆبوونەوە و گەڵاڵەیەکیان لە هەشت خاڵدا کە بە واتای ئەوان کورتەیەکە لە خواستەکانی گەلی کورد لە سەردەمی ئێستادا، پێشکەش بە فروهەر سەرۆکی نوێنەرانی دەوڵەت کرد.» خەڵک لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان لە خۆپیشاندانی جەماوریدا پشتگیریی خۆیان لە نوێنەرانی کورد و ئەم گەڵاڵە هەشت خاڵییە دەربڕی. ڕۆڵی مامۆستا شێخ عێزەدین بە شێوەیەک بوو کە تەنانەت ڕۆژنامە ڕەسمییەکانی تارانیش نەیاندەتوانی ڕەچاوی نەکەن. ڕۆژنامەی اطلاعات ڕۆژی ١٧ی ٣ی ١٣٧٩ نووسی: «نوێنەری دەوڵەت لە ناوچەی ڕۆژهەڵات لەگەڵ شێخ عێزەدین حوسەینی کە وەکوو نوێنەری بزووتنەوەی خودموختاری کوردستان ناوی لێدەبرێت، کۆبووەوە و داوای لێکرد کەسێک بۆ فەرمانداری (بەرێوەبەرایەتی) شاری مەهاباد دیاری‌بکات با دەوڵەت دایبمەزرێنێت. ئەمە یەکەم هەڵوێستی دەوڵەتی مەهدی بازرگانە بەرامبەر بە داواکارییە هەشت‌خاڵییەکی کوردەکانی



ئێران بۆ خودموختاری کوردستان.» (کتاب‌پیدایش نظام جدید، بحرانهای داخلی، مرکزمطالعات و تحقیقات جنگ، بەرگی یەکەم، لاپەڕەی ٣٦٤)

هەر لە سەرەتای خوێندنەوەی قسەوباسی وتاربێژانی گۆڤاری «چشم‌انداز ایران»ەوە دەردەکەوێت کە ئەوان بریاریان داوە چۆن هەڵوێست بگرن بەرامبەر بە مامۆستا شێخ عێزەدین و دوکتۆر قاسملوو و ڕێکخراوە سیاسییەکانی کوردستان. زۆر تاریفی دوکتۆر قاسملو دەکەن، بەڵام هەوڵێکی زۆر ئەدەن کە حیزبی دیموکرات ناشیرین بکەن. ئەو کوردانەی لەم گۆڤارەدا قسەوباسەکانیان بڵاو بووەتەوە زۆر بەتایبەتیتر و جاری وایشە زۆر بە موبالەغەوە باسی دوکتۆر قاسملوو دەکەن.

لێرەدا پرسیارێک دێتە پێش؛ باشە ئەم دوکتۆر قاسملووە کە ئەو هەمووە پێیدا هەڵدەڵێن بۆ قەت بەجیددی وەرنەگیرا؟ بۆ وەڵامێک نەدرایەوە بۆ ئەو هەموو کۆششەی کە کردی بۆ وتوویژ و دانوستاندن لەگەڵ کۆماری ئیسلامی؟ بۆ هیچ گرنگییەک نەدرا بە هەڵوێستەکانی ئەو کە لەڕاستیدا هەڵوێستی حیزبەکەی بوو؟ ئەی باشە ئەمانە پێمان ناڵێن قاسملوو چی لێهات؟ ئەمانە خۆیان لەوە گێل دەکەن کە دوکتۆر قاسملوو (یادی بەرێز بێت) لەگەڵ چەند هاوڕێیەکیدا ڕۆژی ١٩٨٩/٧/١٣ لە ماڵێکدا لە شاری ڤییەننا لە ئوتریش (نەمسا) لەکاتێکدا تێرۆر کران کە بانگهێشتن کرابوون بۆ «دانووستاندن و گفتوگۆ». وا دەنوێنن کە نەیانبیستووە ماتۆرسوارێکی خوێناوی لەو نزیکانەدا بینرایەوە و شوێنی خوێنەکەی پۆلیسی ئاسایی بردەوە ئەو ماڵەی کە کارەساتەکە تێیدا ڕوویدا بوو. دواجاریش دەرکەوت کە ژمارەیەک «دیپلۆمات» کاری تێرۆرکردنەکەیان جێبەجێ کرد و لە سەفارەتی کۆماری ئیسلامی خۆیان شاردەوە و پاشانیش شوێنپێی هەموویان گەیشتەوە وەزارەتی ئیتلاعات لە تاران.

ئەو کەسانەی کە لە «چشم‌انداز ایران» قسەیان لەگەڵ کراوە خۆ لەم ڕووداوە بێ ئاگا هەڵدەخەن و بۆ سەلماندنی بۆچوونەکانیان پەنا دەبەنە بەر قسەوباسی دووروودرێژ بۆ ئەوەی بەو دەرئەنجامانە بگەن کە هەموو ئەم چاوپێکەوتنانە مەبەستییەتی. ئەویش بریتییە لەوەی دوکتۆر قاسملوو باش‌بوو، حیزبی دیموکرات خراپە، شێخ عێزەدین خراپە، کۆمەڵە کە ئەوە هیچ کافرە، هەموو بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بناغەی جاسووسی بۆ بێگانە دانراوە و لەم چەشنە چەواشەکارییانە. کۆماری ئیسلامیی ئێرانیش گوایە بە واتای ئەوان نموونەی ئازادی و پاراستنی مافی مرۆڤ و پێشکەوتنە! بەکورتی بەرامبەر ئەو کەسانەی کە خۆیان کوشتوویانە نەرم و ئەهوەن ئەدوێن، بەڵام هەرکەس کە ئێستاش لایەنگری بەدیهێنانی خواستی ڕەوای گەلی کورد بێت و لە مەیدانی خەباتدا مابێتەوە، با هێرشی توند بکرێتە سەری.

## کۆماری تازەداهەزراوی ئیسلامیی ئێران و کورد

کۆماری ئیسلامیی ئێران هەر زۆر زوو دوژمنایەتی خۆی بەرامبەر بە گەلی کورد نیشاندا. نەورۆزی ساڵی ١٩٧٩ کە بە نەورۆزی خوێناوی ناوبانگی دەرکردووە، شاری سنە تووشی شەڕ و پێکدادانێک بوو. هۆی سەرەکیی

شەڕەکە ئەوە بوو کە ئاخوندێک بە ناوی «سەفدەری» کە نوێنەری خومەینی بوو لە کوردستان دەیەویست بە دووبارە ڕێکخستنەوەی پادەگانی لەشکر لە شارەکە دەسەڵاتی ڕەشی



خۆی داسەپێنێت بەبێ ڕەچاوکردنی هەلومەرجی تایبەتی کوردستان و خواست و ئامانجەکانی گەلی کورد. شەڕەکە پێنج ڕۆژی خایاند و زیاد لە شەش سەد کوشتە و بریندار لێکەوتەوە. دوابەدوای ئەو شەڕە نوێنەرانی هەرەبەرزی کۆماری ئیسلامی (وەکوو ئایەتوڵڵا بهشتی، طالقانی، بنی‌صدر، رفسنجانی و چەند وەزیرێک) لە تارانەوە گەیشتنە سنە و لەگەڵ نوێنەرانی کورد و لەوانە مامۆستا شێخ عیززەدینی حوسەینی کەوتنە گفتوگۆ. ئەم وتووێژانە لە کەشوهەوایەکی گرژ و ڕەشبینی دوولایەنە و لەکاتێکدا بەڕێوەچوو کە فڕۆکە جەنگییەکانی ئێران بەبێ گوێدانە ئەوەی کە لەو کۆبوونەوانەدا کەسانی لە ڕیزی هەرە سەرەوەی حکوومەت تێیدا بەشدارن، بە خێراییەکی وەها بەسەر شاردا فڕین کە چەندین‌جار دیواری دەنگیان شکاند بە چەشنێک کە بەشدارانی کۆبوونەوەکان نەیاندەتوانی قسەکانیان بەتەواوی بکەن و بوو بە مایەی تووڕەیی چەند کەسێک لە نوێنەرانی کورد لەوانە تێکۆشەری بەناوبانگ کاک صدیق کەمانگەر کە یادی بەڕێز بێت.

هەر لەو کۆبوونەوانەدا مامۆستا شێخ عێزەدین بە تووڕەییەوە وتی ئەم شێوە هەڵوێستە ئەوە دەردەخات کە لە ئێراندا دیکتاتۆری هەر لە جێگای خۆیەتی و تاجی پاشایەتی ڕۆیشتووە و مێزەرەی ئاخوندی لە جێگای دانیشتووە. ئاکامی ئەو دانیشتنانە بوو بە هێوربوونەوەی بارگرژییەکە و دروستبوونی شۆرای هەڵبژاردەی شار. لەو کۆبوونەوەشدا دیسانەوە گەلاڵەی داخوازییەکانی گەلی کورد درا بە نوێنەرانی حکوومەت.

بەڵام زۆری نەخایاند کە دیسانەوە پیلانگێڕانی تازە کەوتنە جموجوڵ و ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، واتە



١٩ی مانگی ٨ی ١٩٧٩ لەسەر بناغەی هەواڵێکی درۆی هەڵبەستراو خومەینی فەرمانی جیهادی دژ بە گەلی‌کورد دەرکرد و کوردستان کەوتە بەر پەلاماری هێرشێکی بەربڵاو.

پاش شکستهێنانی هێرشی سەربازی و هەروەها بەهۆی قەیرانی سیاسیی قووڵ لەناو دەسەڵاتدا سەرەنجام ڕژێمی ئێران ئامادە بوو بێتە سەر مێزی وتووێژ. بەڵام هەروەک لەم نووسراوەشدا دواتر ڕوون دەبێتەوە ئامانجیان خۆئامادەکردن بوو بۆ شەڕێکی تر، نەک گەیشتن بە چارەسەرێکی ئاشتیخوازانە. هەروایشی لێهات و لە سەرەتای بەهاری ساڵی ١٩٨٠دا دەستیان دایەوە شەڕێکی توند لە دژی هەموو خەڵکی کوردستان. هەموو هەوڵ و کۆششەکانی هێزە سیاسییەکانی کورد بێ ئاکام مایەوە.

بەپێی ئەو زانیارییانەی کە لە ڕێگای وتووێژەکان و نووسراوەکانی گۆڤاری «چشم‌انداز ایران»دا دەرکەوتووە، دەبێت ژمارەیەکی زۆری کاربەدەستانی ئێران بدرێن بە دادگا؛ نەک هەر لەبەرئەوەی بەرپرسن لە کوشتن و ئاوارەکردن و کاولکردن لە کوردستان، بەڵکو لەبەرئەوەی ژمارەیەکی زۆری سەرباز و کەسانی خەڵکی ناوچە دوورەکانی ئێرانیان هێناوەتە کوردستان و بە کوشتیان داون بە ناوی شەڕی کوفر و ئیسلام و شەڕ لە دژی بێگانە و... هتد.

با لێرەشدا ئەوە بڵێین کە زۆر بەداخەوە ژمارەیەک لەو فەرماندە و بەرپرسانەی کە ڕاستەوخۆ بەشداری کوشتن و زەبروزەنگ بوون لە دژی گەلی کورد، لەم ساڵانەی دواییدا لە کاتی مردن و یان کوژرانیاندا – بە هۆی کەوتنەخوارەوەی فڕۆکە – لەلایەن بەرپرسانی حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە (هەردوو ئیدارە) ڕێزیان لێگیراوە و نامەی پرسە و سەرەخۆشییان بۆ بە ڕێ کراوە.



چۆن دەکرێت کەسانێک لە بەشێکی کوردستان بکوژی گەلی کورد بن و لە بەشێکی دیکە – بە هەر هۆیەک و لەبەر هەر «بەرژەوەندییەک» بێت، ڕێزیان لێبگیرێت؟

## کورد و ڕیفراندۆمی کۆماری ئیسلامی

ڕۆژ١٠ی خاکەلێوەی ١٣٥٨، واتە ٣٠ی مانگی ٣ی ١٩٧٩ لە ئێراندا ڕیفراندۆمێک بەڕێوەچوو کە تێیدا یەک پرسیار لە خەڵک کرا. «کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا، ئەرێ یان نا». دەسەڵاتداران ئیدیعا دەکەن کە نزیکەی ٩٩٪ی خەڵک دەنگیان بە ئەرێ دا. ئەوانەش کە لە گۆڤاری «چشم‌انداز ایران»دا دێنە قسە وا دەنوێنن کە گوایە زۆربەی خەڵکی کوردستان دەنگیان داوە بە کۆماری ئیسلامی!

با لەنزیکەوە سەرنجێکی ئەم ڕیفراندۆمە بدەین. ئەوانەی لەم گۆڤارەدا چاوپێکەوتنیان لەگەڵ کراوە شتەکان وا دەگێڕنەوە کە زیاتر بۆ خۆشخزمەتییە بە کۆماری ئیسلامی، هەتا باسکردن لە ڕاستیی ڕووداوەکان.

لەکاتێکدا کە لە ڕۆژەکان و هەفتەکانی پێش ڕیفراندۆم بارودۆخەکە لە کوردستان زۆر گرژ بوو، تازە نەورۆزی خوێناویی شاری سنە ڕوویدابوو، شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان لەژێر چاوەدێریی هێزە سیاسییەکانی کوردستاندا بوون، خەڵک زۆر بێمتمانە بوون بە ڕێبەرانی تازەی ئێران، مامۆستا شێخ عێزەدین و حیزبی دیموکراتی

کوردستان و کۆمەڵە ڕایانگەیاندبوو کە لە ڕیفراندۆمدا بەشداری ناکەن، لەکاتێکدا کە بە سەدان هەزار کەس لە کوردستان بۆ پشتگیری لە بزووتنەوەی ڕەوای خۆیان خۆپیشاندانیان دەکرد، بەڵێ لە وەها هەلومەرجێکدا کام ئینسانی ژیر دەتوانێت ئەو دەرەنجامە وەربگرێت کە گوایە خەڵکی کوردستان دەنگ بدەن بە کۆمارێک کە کەس نەیدەزانی ناوەڕۆکەکەی چییە؟

ڕۆژنامەی «کیهان» ڕۆژی ٢٧ی مانگی ٣ی ١٩٧٩ نووسیوویەتی: «حەوت کۆمەڵە و ڕێکخراوی سیاسی کوردستان لە شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، بۆکان، مەهاباد و بانە لە کۆبوونەوەیەکی هاوبەشدا لە شاری سنە ڕایانگەیاند کە لە ریفراندۆمدا بەشداری ناکەن.»

هەمان ڕۆژنامە نووسیویەتی: «مهدی عباسی پارێزەری ئازەربایجانی ڕۆژئاوا سەردانی شێخ عێزەدینی حوسەینی کرد و لەناو ژمارەیەکی زۆری خەڵکدا داوای لێکرد ڕای خۆی لەسەر کۆماری ئیسلامی ڕابگەیەنێت؛ مامۆستا گوتی ئەگەر کۆماری ئیسلامی وەکوو سەدری ئیسلام و قورئان بکات و بەڕاستی مافی ڕەوای گەلان ڕەچاو بکات، ئەوا من دەنگ دەدەم. دەسەڵات نابێت بە دەستی مەلا و کەسانی ئایینییەوە بێت.»

بەپێی ڕۆژنامەی کیهان ١٩٧٩/٣/٢٨ لاپەڕەی ٧ مامۆستا لە ڕاگەیەندراوێکدا وتوویەتی: «لەبەرئەوەی ناوەڕۆکی کۆماری ئیسلامی لێڵ و نادیارە و بەتایبەت مافی دیاریکردنی چارەنووسی گەلان و خودموختاری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی ئازاددا دیارینەکراوە. . . لە ریفراندۆمدا بەشداری ناکەم.»

ڕۆژنامەی کیهان ١٩٧٩/٣/٢٩ لاپەڕەی ٢دا دەنووسێت: «حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران ڕایگەیاند لەبەرئەوەی کە ئەم بەرنامەیە وەڵامدەرەوەی خواستی گەلی کورد نییە و . . . هەروەها بە ڕەچاوکردنی شێوەی نادیموکراتیکی بەڕێوەچوونەکەی، لە ریفراندۆمدا بەشداری ناکات.» کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشان بەپێی هەمان سەرچاوە لە بڵاوکراوەیەکدا نووسیوویەتی: «گەلی کورد لە ساڵڕۆژی لەسێدارەدانی قازیمحەممەددا لە ریفراندۆمێکدا بەشداری ناکات کە مافی گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران لە وڵاتێکی دیموکراتیکدا ناسەلمێنێت . . .»

هەمان ڕۆژنامە لە لاپەڕەی ٣دا نووسیویەتی: «مەلا عبدالله محمدی ئیمامجومعەی سەقز لە برووسکەیەکدا بۆ ئیمام خومەینی داوایکرد: ئەگەر جەنابی ئیمام ڕاینەگەیەنێت کە لە قانوونی ئەساسی داهاتوودا مافی وەکیەکی سوننی و شیعە و هەروەها مافی خودموختاری بۆ گەلی کورد و گەلانی دیکەی ئێران بەرەسمی دەناسرێت ئێمە لە ریفراندۆمدا بەشداری ناکەین!»

ئێستا بابزانین ئەو کەسانەی لە گۆڤاری چشمانداز ایراندا دەدوێن چۆنی لێکدەدەنەوە؛ ئاغای حوسەین شاهوەیسی کە خۆی خەڵکی سنەیە (ساڵی ١٩٨٠ ماوەیەک ئوستاندار (پارێزگار)ی کوردستان و دواتریش ساڵی ١٩٨١ نوێنەری سیاسیی کۆماری ئیسلامیی ئێران بووە لە وڵاتی یۆنان)، ئاوا ئەڵێت: «سەبارەت بە ریفراندۆم وەکوو عەرزمکردن پاش چاوپێکەوتنی دوکتور قاسملوو و شێخ عێزەدین لەگەڵ ئیمام و مهندس بازرگان (سەرەکوەزیر) هەردووکیان بە خۆشییەوە گەرانەوە کوردستان و بڕیار وابو لە ڕاگەیاندنێکدا بە ئیمزای هەردووکیان داوا بکەن بۆ بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا. . . بەڵام بەکردەوە دژ بە بەشداریکردن لە ریفراندۆمدا وەستان.» (چشمانداز ایران ویژه کردستان ژماره ٢ لاپەڕە ٢٨)

دیارە ئاغای شاهوەیسی تا چ ڕادەیەک دوورە لە وردەکاری! دەبوو پێش وتنی ئەو قسانە لانی کەم سەرێکی ڕۆژنامەکانی کیهان و اطلاعاتی ئەو ساڵانەی بدایە (کە ئێستا زۆر ئاسانە). مامۆستا شێخ عێزەدین نزیکەی مانگ و نیوێک پاش ریفراندۆم سەفەری تاران و قومی کرد! قسەکانی ئەو تەنها حیزبی دیموکرات دەگرێتەوە کە ئەویش وەکوو بینیمان نوێنەرانی ئەوان بە سەرۆکایەتیی دوکتور قاسملوو پاش چاوپێکەوتنی خومەینی ڕایانگەیاند کە لە ریفراندۆمدا بەشداری ناکەن. سەرەڕای ئەوەش ئاغای ئیبراهیم یونسی کە ئەویش ماوەیەک ئوستانداری کوردستان بووە و لەنزیکەوە دەبوو ئاگاداری وردەکارییەکان بووایە ئەڵێت: «خەڵکی کوردستان سەرەڕای بەشداری‌نەکردنی شێخ عێزەدین لە ریفراندۆمدا دەنگی ئەرێنی خۆیان دا بە کۆماری ئیسلامی و هیچیش نەقەوما. ٩٥٪ی خەڵک گوێیان نەدایە بەشداری‌نەکردنەکەی شێخ عیزەدین.»



شێخ عێزەدین لە ناوەڕاستدا

(چشمانداز ایران ویژه کردستان ژماره ١ لاپەڕە ٧٩)

واتە هەر شێخ عیزەدین داوای کردبوو لە خەڵک بەشداری نەکەن و لەگوێ برایمخان نزیکەی هەموو خەڵکیش بەشدارییان کردا! بەداخەوە ئەم قسەیە زۆر دوورە لە ڕاستییەوە. پێویستە ئەوە بگوترێت کە لەژێر حوکمی دەسەڵاتێکی وەکو کۆماری ئیسلامیدا دەستتێوەردانی ئامار و گۆڕینی ژمارەی بەشداربووان لە پارێزگاکانەوە بۆ پایتەخت و هەروەها لە وەزارەتی ناوخۆیشدا کارێکی ئاساییە!

بەپێی ئامار و لەسەر بنەمای هەڵسەنگاندنی ڕاستەقینە لە هیچ وڵاتێکی ئازاد و دیموکراتیکدا لە دونیادا، هیچ هەڵبژاردن و ریفراندۆمێک بە بەشداری ٩٥٪ی خەڵک بەڕێوە ناچێت. ئەوە بۆ خۆی جێگای قسەی زۆرە کە گوایە خەڵکی ئێران بەو ڕێژەیە بەشدارییان کردبێت (هەڵبەت بە کوردیشەوە). . ! بەڵام با پرسیارەکە لە ڕوانگەیەکی دیکەوە بکەین؛ ئایا بەم شێوە دەنگدان لە ریفراندۆمێکدا لەلایەن کەسانێکەوە کە هیچ ئەزموونێکی بەڕێوەبردنی دەسەڵاتیان نەبووە، بۆ حکوومەتێک لە ئایندەدا کە هیچی دیار نییە، هیچکەس ئاگاداری ڕەسم و یاسا و قانوونی ئەساسییەکەی نییە، خودی ئەوە ناگەیەنێت کە ئەمە شێوەیەکی یەکجار نادیموکراتیکە و لەگەڵ هیچکام لە پێوەرەکانی ئازادیخوازی و دیموکراسیدا نایەتەوە؟ تەنانەت ڕۆژنامەکانی ئەوکاتی تارانیش بەو شێوەیە باسی بەشداریی خەڵکی کوردستانیان نەکردووە لە ریفراندۆمەکەدا.

ئەحمەدی شاملوو شاعیری بەناوبانگ و گەورەی ئێران لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ یەکێک لە ڕۆژنامەکان ساڵێک پاش ریفراندۆمەکە پەسنی مامۆستا شێخ عێزەدینی‌دا کە گوتبووی بەشداریکردن



شێخ عیزەدین، دووەم لە چەپەوە

لە ریفراندۆمدا وەکوو ئەوە وایە کە قوتوویەکیان لە بەردەمدا داناوی بەبێ ئەوەی بزانی ناوەکەی چی تێدایە، داوات لێدەکەن دەنگی پێبدەیت!
لەلایەکی دیکەشەوە رادەی کەمی بەشداریی خەڵکی کوردستان لە ریفراندۆمی قانوونی ئەساسیدا کە دواتر پاییزی هەمان ساڵ بەرێوەچوو بەباشی نیشانی دا کە چەندە خەڵک خۆیان لەو حکوومەتە بە نزیک دەزانن.

## سەفەری مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ تاران و قوم

هەروەک پێشتر ئاماژەی پێکرا، سەرەتای بەهاری ١٩٧٩ دەستەیەک لەلایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە بە سەرۆکایەتیی دوکتۆر قاسملوو چوونە شاری قوم و لەوێ چاویان بە خومەینی کەوت و پاشانیش لە تاران لەگەڵ کاربەدەستانی حکوومەت کۆ بوونەوە. لە لێدوانەکانی گۆڤاری چشم‌انداز ایراندا سەبارەت بە سەفەری مامۆستا شێخ عیزەدین بۆ قوم و تاران بە شێوەیەکی سەیر و دوور لە راستی هێندێک باس کراوە. سەفەرەکەی مامۆستا شێخ عیزەدین لە رۆژەکانی ٢٣ تا ٣٠ی گوڵانی ١٣٥٨، (١٣-٢٠ی مای ١٩٧٩)دا بەرێوەچوو. سەفەرەکە لەسەر بانگهێشتنی رەسمیی وەزیری ناوخۆ ئاغای حاج‌سیدجوادی بوو کە لە نامەکەیدا نووسیبووی: «. . . حضرت‌آیت‌الله خمینی پی‌خۆشە لەگەڵ جەنابتان دابنیشێت و منیش وەکوو وەزیری کیشوەر بۆ ئەم سەفەرە بانگهێشتتان دەکەم.» سەرەرای ئەوەی کە بانگهێشتنەکە بەتەنها بۆ خۆی بوو، مامۆستا وای بە باش زانی کە لەگەڵ ژمارەیەک لە مامۆستایانی ئایینی کوردستان سەفەر بکات. رۆژی رۆیشتنەکەش هەموو شاری مەهاباد داخرا و زۆر بەگەرموگوڕییەوە لەلایەن خەڵکی شارەوە بە رێ کران. هەتا سنە بە هێلیکۆپتێر و لەوێشەوە بە فرۆکە چوونە تاران. لە تاران لەلایەن وەزیری کیشوەر و چەندین کەسایەتیی کوردەوە بەگەرمی پێشوازییان لێکرا. لە کونفرانسێکی رۆژنامەوانیدا لەگەڵ رۆژنامەنووسانی ئێرانی و دەرەوە بەشداری کرد، لەگەڵ ئایەتوڵڵا طالقانی و بنەماڵەی شەهیدان کۆبووەوە. ٢٧ی گوڵان، واتە ١٩٧٩/٥/١٧ لەسەر بانگهێشتنی کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران و خوێندکارانی زانکۆی صنعتی شەریف و بە بۆنەی ساڵیادی شەهیدبوونی شۆڕشگێری ناسراوی کورد سمایلی شەریفزادە (سمکۆ) کە هەر لەو زانکۆیە خوێندبووی، کۆڕێکیان بۆ رێک خست. ژمارەی بەشداربووان ئەوەندە زۆر بوو کە مامۆستا بەزەحمەت توانی خۆی بگەیەنێتە شوێنی قسەکردنەکە و وتارێکی زۆر بەپێزی پێشکەش کرد کە لەناو چەپڵەلێدانی گەرم و نواندنی هەستی بەتین بەرامبەر بە مامۆستا و هاوخەباتی بۆ گەلی‌کورددا کۆتایی پێهات. رۆژی دواتری واتە ٢٨ی گوڵان چوونە قوم بۆ لای خومەینی. مامۆستا شێخ عیزەدین خۆی ئاوەها چاوپێکەوتنەکە دەگێڕێتەوە: «خومەینی زۆر بەگشتی قسەی دەکرد و دەیگوت هەموو کەسێک لە ئێران ستەملێکراوە و ئینشائەڵڵا هەموو شتێک چاک دەبێت. چەند کەسێک لەو مەلایانەی لەگەڵمان بوون لەسەر قانوونی ئەساسی داهاتووی ئێران قسەیان‌کرد و داوایانکرد کە ئەو یاسایە لەسەر دینی ئیسلام بێت نەک لەسەر ئایینزایەکی تایبەت واتە مەزهەبی شیعە. منیش لەسەر پرسی میللی لە کوردستان و داخوازییەکانی خەڵکی کورد قسەم کرد. کاتی خوداخافیزی یەخەی عەباکەی گرتم و وتی من هێمنایەتی و ئاسایشی کوردستانم لە ئێوە دەوێت، لەوەڵامدا گوتم منیش خودموختاری کوردستانم لە ئێوە دەوێت.» بەپێی هەواڵی رۆژنامەی اطلاعات ١٩٧٩/٥/١٩ لاپەرەی ٣ هەر ئەو رۆژەی کە مامۆستا لە قوم بوو، لە شارەکانی کوردستان کۆبوونەوە و خۆپیشاندانی گەورە کرا دژ بە رادیۆ و تەلەڤیزیۆنی ئێران کە بۆچی دەن‌وباسی سەفەرەکەی مامۆستا بڵاو ناکاتەوە.

رۆژی دواتر لە تاران دیسانەوە کونفرانسی رۆژنامەوانی بۆ نوێنەرانی ناوەوە و دەرەوەی ناوەندەکانی دەنگ باس ساز کرا و لەگەڵ وەزیری کیشوەر و رۆژی دواتریش لەگەڵ مەهدی بازرگان سەرەکوەزیر کۆبوونەوەی رەسمی کرا. پاشان گەرانەوە سنە و لەوێوە بەرەو مەهاباد وە رێ کەوتن و لە شارەکانی دیواندەرە، سەقز، بۆکان و هەروەها لە مەهاباد بە شێوەیەکی زۆر گەرموگوڕ پێشوازییان لێکرا. رۆژنامەی اطلاعات پێنجشەممە ١٩٧٩/٥/٢٤ بە دوورودرێژی سەبارەت بە چۆنیەتیی گەرانەوەی مامۆستا دەنووسێت: «شێخ‌عیزەدین لەسەر رێگای چوونی بۆ مەهاباد هەر لە شاری سنەوە بەگەرمی پێشوازی لێکرا و لە هێندێک لە شارەکانی سەرڕێگا خەڵک هەتا ١٠ کیلۆمەتر لە دەرەوەی شار بەرەوپیری هاتبوون و بە چەپکەگوڵەوە پێشوازییان لێکرد. لە مەهابادیش لە وتووێژێکی رادیۆییدا بەوردی باسی ئاکامی ئەو سەفەرەی کرد.» ئێستا بابزانین لە «چشم‌انداز ایران»دا چۆن باسی ئەم سەفەرە دەکەن. ئاغای احمد صدرحاج سید جوادی کە خۆی وەزیرەکە بوو بانگهێشتنەکەی ناردبوو وا دەنوێنێت کە زۆر ئاگای لە هاتنەکە نەبێت و ئەڵێت: «ئاغای یۆنسی گوتی شێخ عیزەدین دێت باش وایە ئێوە بەرەوپیری بچن. » کاتێک کە چشم‌انداز ایران لە برایم خانی یۆنسی دەپرسێت: «ئایا ئێوە لەگەڵ شێخ عیزەدین چوون بۆ دیداری آیت‌الله خومەینی؟»، ئاوا وەڵام دەداتەوە: « من بردمە خزمەتی حەزرەتی ئیمام. ئاغای شێخ عیزەدین نەهاتبوو بۆ تاران بەرەوپیری حەزرەتی ئیمام (کە لە پاریسەوە هاتەوە). لە لایەکی دیکەشەوە زۆری پێخۆش بوو بە خزمەتی حەزرەتی ئیمام موشەرەف بێت. . . گۆیا ئوستانداری ئازربایجانی رۆژئاوا ویستبووی بیهێنێت بەڵام ئەو رۆژە لەبەر کەشوهەوای نالەبار هێلیکوپتەر هەڵنەستا. منیش عەرزی جەنابی صدر حاج سیدجوادیم کرد خراپ نییە ئەگەر بە هۆی منەوە بە حوزووری حەزرەتی ئیمام موشەرەف بێت. . .ئەوە بوو شێخمان لەگەڵ چەند پیاوی ئایینی دیکە . . . بردە تاران و چووینە خزمەتی حەزرەتی ئیمام.» (چشم‌انداز ایران ویژەکردستان ژمارە

یەک، بەهاری ٢٠٠٣ لاپەڕەی ٨١) چەند سەرنجێک لەسەر ئەو قسانە:
١ـ ئاغای یۆنسی تەنانەت قسەکەی خودی وەزیریش ناگێڕێتەوە کە ئەو داوای لێکردووە بچێتە پێشواز. دیارە پێشوازی ڕەسمی نیشانەی گرنگیپێدانە بە کەسەکە!
٢ـ پرسیارەکە هەر ئەڵێت «چوونە دیداری آیتالله خومەینی»، واتە پرسیارکەر کە خۆی شیعەیە دەڵێت «دیدار» و «آیتالله خومەینی». قەتیش قەرار نەبوو مامۆستا شێخ عێزەدین «بۆ پێشوازیی حەزرەتی ئیمام» بچێتە تاران و مەعلووم نییە ئەمەی بۆ گوتووە کە «زۆری پێخۆش بوو بە خزمەتی حەزرەتی ئیمام موشەڕەف بێت».
٣ـ ئەڵێت «ئێمە شێخمان لەگەڵ چەند پیاوی ئایینی دیکە . . . بردە تاران و چووینە خزمەتی حەزرەتی ئیمام.» بەداخەوە ئەوەش وا نییە. وێنەی ئەو دیدارە لە بەردەستدایە و دیارە کەسەکان کێ بوون کە لەگەڵی بوون.
بابزانین ئاغای شاهوەیسی چۆن سەفەرەکە دەگێڕێتەوە و چەندە لە ڕەوتی ڕووداوەکانەوە دوورە! «پاش تێکهەڵچوونی ئەرتەش و فەرمانی ئیمام لە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ واتە ١٩٧٩/٨/١٩ (کە پێشتر عەرزم کردن بە هۆی زانیاریی ناراستەوە بوو)، گەنجانی کەمتەمەنی کۆمەڵە هەرایان سازکرد و خەڵکیان هاندا بۆ بەرەنگاربوونەوە . . . لەم کاتەدا وا بڵاو بووەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا شێخ عێزەدین حوسەینی ئەچێت بۆ تاران بۆ ئەوەی مافی هەموو کوردەکان لە ئیمام وەربگریت. بە ڕێکەوتیش چەند ڕۆژێک دواتر هێلیکۆپتێر دەچێتە مەهاباد و شێخ لەگەڵ خۆی هەڵدەگرێت و دەیباتە تاران.» (چشم‌انداز ایران ویژه کردستان ژمارە دوو لاپەڕەی ١٧)
١ـ سەیرە ئەم ئاغای شاوهوەیسییە کە خۆی خەڵکی سنەیە و ماوەیەکیش ئۆستاندار بووە ئاگای لێ نییە کە نەک پاش «تێکهەڵچوونی ئەرتەش و فەرمانی ئیمام لە ٢٨ی گەلاوێژ» بەڵکو سێ مانگ پێش ئەوە سەفەری تاران و قوم کرابوو.
٢ـ «وا بڵاو نەبووەوە کە لە چەند ڕۆژی داهاتوودا . . .» بەڵکو نامەی ڕەسمی وەزارەتی ناوخۆ (کیشوەر) هاتبوو. ئەم هاتنی هێلیکۆپتێرەش سەیر بووەتە گیروگرێ لە قسەکانیاندا!
٣ـ ئاغای شاهوەیسی بەداخەوە زۆر بێخەبەرە لە ڕەوتی ڕووداوەکان و نازانێت کە «پاش‌تێکهەڵچوونی ئەرتەش و فەرمانی ئیمام» کە هەڵبەت مەبەستی فەرمانی جیهادی و هێرشی ئەرتەشە بۆ سەر خەڵکی کوردستان، تازە ئیتر خومەینی لە قسەوباسێکدا وەها باسی مامۆستا شێخ عێزەدین و دوکتۆر قاسملووی کرد کە ئەگەر لە هەر شوێنێک بکەوتنایە دەستی کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی نەک هەر دەیانگرتن بەڵکو بە زیندوویی‌ش ڕایاننەدەگرتن! هەڵبەت یەکێک لە وێژەرانی چشم‌انداز ایران باسی ئەوەش دەکات کە دواتر دێمەوە سەری.

## دەرچوونی فەرمانی جیهاد بۆ سەر خەڵکی کوردستان

ڕۆژی ٢٨ی گەلاوێژ ڕۆژێکی ڕەشە لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا. لە ڕۆژێکی وەهادا ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی واتە ١٩٥٣/٨/١٩ سی.ئای.ئەی ئەمریکا بە هاوکاریی ئینگلستان و بەشێک لە ژەنەڕاڵ و کاربەدەستانی دیکە لە ئێران و بە سەرفکردنی بودجەیەکی زۆر کودێتاتەکیان ڕێکخست لە دژی حکوومەتی دکتۆر مصدق کە لەناو خەڵکدا لایەنگری زۆری هەبوو. حکوومەتەکە ڕووخا و خودی مصدق گیرا و محمدرضا شا کە سێ ڕۆژ پێشتر لە ڕێگای بەغدادەوە هەڵاتبوو بۆ قاهیرە، هێنرایەوە سەر حوکم. ئەم دەستتێوەردانەی ئەمریکا ئەوەندە بەربڵاو و ئاشکرا بوو کە مادلێن ئۆلبرایت وەزیری دەرەوە لە کاتی سەرۆکایەتیی بیل کلینتۆندا بەڕەسمی داوای لێبوردنی کرد لە ئێرانییەکان.
لەوەها ڕۆژێکدا واتە ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨، (١٩٧٩/٨/١٩) لەپڕ ڕادیۆی دەوڵەتی ئێران بەرنامەی ئاسایی خۆی ڕاگرت و پەیتا پەیتا فەرمانی خومەینی دەخوێندەوە کە داوای دەکرد لە هێزە چەکدارەکانی ئێران کە هەر هەموویان ڕوو بکەنە کوردستان بۆ نەهێشتنی بە واتای ئەو «دژبەرانی شۆڕشی ئیسلامی و ئاژاوەگێڕان». سەرچاوەی ئەم بڕیارەش بەتایبەت ئەوە بوو کە برووسکەیەک نێردرابوو بۆ قوم کە تێیدا گوترابوو ژن و منداڵی ژمارەیەک ئەفسەر و دەرەجەداری ئەرتەش لە مزگەوتی جامیعەی شاری سنە گیراون و خەریکن هەر هەموویان دەکوژن. هەربۆیە خومەینی داوا دەکات کە دەستبەجێ بەرەو شاری سنە بچن و خێرایش ڕاپورتی خۆیان بدەن کە بزانێت کارەکانیان دەچێتە پێشەوە! هەر ئەوکاتە ئاغای شەکیبا ئۆستانداری کوردستان ڕایگەیاند کە شتی وا نەبووە و کەس بە بارمتە نەگیراوە بارودۆخەکەی لە شاری سنەدا بە ئارام وەسف کرد. هێزی پێشمەرگەش نە ئەو کاتە و نە پاشانیش لەو کارانەیان نەدەکرد کە ژن و منداڵی پاسدار و ئەفسەر بە بارمتە بگرن، وەزیرێکی وەکو داریوش فروهەریش ڕایگەیاند کە «دەنگوباسی درۆیان عەرزی ئیمام کردووە»، کۆمەڵەی کوردەکانی دانیشتووی تاران هەواڵەکەیان بەتوندی بە درۆ خستەوە. سەرەڕای هەموو ئەوانەش پاشتر سەرەکوەزیر مەهدی بازرگانیش ڕایگەیاند کە هەواڵەکە لەبناغەوە درۆ بووە.
دیار بوو دەستێک لە کاردا بوو بۆ ئەوەی زەمینەی شەڕ لە کوردستان خۆش بکات و ڕێگا هەموار بکەن بۆ ئەوەی هێزە چەکدارەکانی ئێران ڕوو بکەنە کوردستان. هەڵبەت لایەنێکیش لە خودی کوردستان هەبوو کە بەگەرمی خوازیاری زاڵبوونی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی بوون لە کوردستان و لەسەر ئەو باوەڕە بوون کە خەباتی دژ بە ئەمپریالیسمی ئەمریکا گرنگترە لە مافیگەلی کورد و پێشێلکردنی مافی مرۆڤ...
ئاکامی ئەم فەرمانەی خومەینی هێرشێکی بەربڵاوی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بوو بۆ کوردستان بە بومباران و ڕووخاندن و ئیعدام و ئەشکەنجە و ئازاری خەڵک. تەنانەت وێنەی ئیعدامەکان لە لاپەڕەی یەکەمی ڕۆژنامەکاندا لە تاران بڵاو کرایەوە. یەکێک لەو وێنانە کە لە هەموو جیهان بڵاو بووەوە ئیعدامی تێکۆشەرانی خەڵکی سنە نیشان دەدات کە تێیدا برایەک لەکاتێکدا ئیعدام دەکرێت کە برا بریندارەکەی لە کۆڵ کردووە لەبەرئەوەی خۆی ناتوانێت بەپێوە بوەستێت. ئایەتوڵڵا خەڵخاڵی جەللاد بەو شێوەیە فەرمانی خومەینی و حکوومەتی «عدل الهی» کۆماری ئیسلامی بەڕێوە دەبات. چەند ساڵ لەمەوبەر آیتالله خەڵخاڵی پێش مردنی لەوتووێژێکدا لەگەڵ ڕادیۆ بی.بی.سی.دا گوتی هەموو

ئەو ئێعدامانەم لەسەر ئەمری خومەینی کردووە و لە هیچکامیان پەشیمان نیم. بەڵام خەڵکی کوردستان سەرەڕای هەموو توندوتیژی و دڕندەیی کۆماری ئیسلامی دەستی دایە بەرەنگارییەکی قورس و قایم و لە هەموو شێوەکانی خەبات کەڵکی وەرگرت. هێزی پێشمەرگەی بەتایبەت حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە سەرەڕای کەموکووڕی و نائامادەیی بەوپەڕی لەخۆبوردووییەوە لە بەردەم هێرشەکەدا ڕاوەستان و ڕێگایان نەدا هێزی داگیرکار دەسەڵاتی ڕەشی خۆی بەسەر کوردستاندا بسەپێنێت. خەباتی جەماوریش لەوپەڕی گەرموگوڕیدا بوو. خەڵکی کوردستان دەیانویست نیشانیبدەن کە خوازیاری ئارامی و هێمنایەتین و لە توندوتیژی بێزارن. بۆ نیشاندانی یەکپارچەیی خەڵک و لێبڕاویی لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا، لەسەر داوای مامۆستا شێخ عێزەدینحوسەینی ڕۆژی جێژنی قوربانی ساڵی ١٣٥٨ی هەتاوی ١٩٧٩/١١/١ بە سەدان هەزار خەڵکی شار و شارۆچکە و گوندەکانی کوردستان بەبێ سڵکردن لە دەسەڵاتداران ڕژانە ناو کووچە و شەقام و بە یەک دەنگ پشتیوانی خۆیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی کوردستان و ڕێبەران و هێزە سیاسییەکان دەربڕی. ئەم خۆپیشاندانانە مەزنە لە ڕادیۆ و ڕۆژنامەکانی دەرەوەی وڵاتیشدا دەنگدانەوەیەکی زۆری هەبوو.

دەسەڵاتدارانی ئێران هەر زوو بۆیان دەرکەوت کە ناتوانن بەسەر ئیرادەی خەڵکی کوردستاندا زاڵ بن و ناچار روویان کردە گفتوگۆ و دانوستاندن. پاش سێ مانگ خۆڕاگری و بەربەرەکانێ، سەرەنجام کۆماری ئیسلامیی ئێران ناچار کرا ئاگربەس بکات و وتووێژ دەستی پێکرد.

## مامۆستا شێخ عێزەدین، دوکتۆر قاسملوو و وتووێژ لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەت

دەوڵەت لە ڕێگای جۆراوجۆرەوە بە شێوەی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ کەوتنە پەیوەندیگرتن لەگەڵ بزووتنەوەی کوردستان. یەکەم پەیوەندییەکان لەگەڵ نوێنەرانی حیزبی دیموکرات بوو کە هیوادارم لە لایەن بەرپرسانی ئەم



د. قاسملوو

حیزبەوە ڕۆژێک لەڕۆژان بە شێوەیەکی ڕەسمی و بەکەڵکوەرگرتن لە ئارشیڤی حیزب بڵاو بکرێتەوە. وتەکانی ئەو کەسانەی لە گۆڤاری «چشم‌انداز ایران، ویژەکردستان» گفتوگۆیان لەگەڵ کراوە، لایەنی زۆری تێدایە کە پێویستیان بە روونکردنەوەیە بە پشتبەستن بە بەڵگەنامە و پروتۆکول و دەقی نووسراوی‌قسەوباسەکان،هەڵوێستەکان و داواکارییەکان لە دانیشتنەکاندا و لە پلێنۆمەکان و کۆبوونەوەکانی دەفتەری سیاسی و کۆمیتەی ناوەندی و تەنانەت کونگرەکاندا. ڕەوتی ڕووداوەکان و زۆر بەداخەوە تێرۆرکردنی دوکتۆر قاسملوو سکرتێری گشتی ئەم حیزبە لە دانیشتنێکدا کە بەناو بۆ وتووێژ تەرخان کرابوو، زۆرتر گرنگی ئاشکراکردنی هەموو لایەنەکانی پەیوەندییەکانی نێوان حیزبی دیموکراتی کوردستان ئێران و کۆماری ئیسلامیی ئێران دەردەخات. شەفافییەت پێویستییەکی ئاشکرایە و لێرەشدا بەرجەستەتر خۆی دەنوێنێت. ئاشکرایە کە شەفافییەت لەم بابەتەوە ڕێکخراوی کۆمەڵەش دەگرێتەوە هەرچەند کە پەیوەندییەکان و دانوستاندنەکان زۆر بەرتەسکتر بووە لەوەی حدک. ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامی باوەریان بە ڕێگاچارەی سیاسی و دانوستاندن لەگەڵ لایەنە سیاسییەکانی کوردستان نەبوو. دەوڵەت دەیویست لەگەڵ حیزبی دیموکرات بەتەنها ڕێک بکەوێت و لایەنەکانی دیکە لە دەرەوە بهێڵێتەوە. بەڵام لەگەڵ حیزبی دیموکراتیش درۆی دەکرد و مەبەستی هێورکردنەوەی باروذۆخەکە بوو بۆ ئەوەی خۆی کۆ بکاتەوە و بپەرژێتە سەر قەیران و گێرەوکێشەکانی ناوخۆی. لەکاتێکدا کە ململانێی نێوان باڵە جیاوازەکانی ناو دەسەڵات دەرکەوتبوو، لەکاتێکدا کە سەفارەتی ئەمریکا داگیرکرابوو و ژمارەیەکی زۆری کارمەندانی سەفارەت بە بارمتە گیرابوون، لەکاتێکدا کە کێشەیەکی قورس لەنێوان باڵی پاوانخوازیی ئایینی لایەنگری «شۆڕشی ئیسلامیی جیهانی» لەگەڵ ئەو باڵەی کە خوازیاری سەقامگیرکردنی بناغەکانی کۆماری ئیسلامی لە ئێراندا بوو گەیشتبووە ئەوپەڕی خۆی... بەڵێ لە وەها کاتێکدا دانیشتن و گفتوگۆکان دەستی پێکرد.

سەرەتا نوێنەرانی دەوڵەت کە چەند وەزیریشیان لەگەڵ بوو زۆریان هەوڵدا کە بە واتای خۆیان لەگەڵ «خەڵکی کوردستان» گفتوگۆ بکەن، واتە هێزە سیاسییەکان لە بەرچاو نەگرن. بەڵام بۆ هەر شار و شارۆچکەیەک کە دەچوون هەر هەمان قسەیان دەبیستەوە: «نوێنەرانی سیاسیی کورد وان لە شاخ و تەنها بە دانیشتن لەگەڵ ئەوانە کە دەتوانن وتووێژ دەست پێبکەن.»

## وتووێژ لە ئاوایی بێورانی سەردەشت

ڕۆژی ١٩ی خەزەڵوەری ١٣٥٨، (١٩٧٩/١١/١٠) یەکەم دانیشتن لەنێوان دەستەیەکی نوێنەرایەتیی کورد بە سەرۆکایەتیی مامۆستا شێخ عێزەدین و هەیئەتێک لەلایەن دەوڵەتەوە لە گوندی بێوران کە دەکەوێتە ناوچە سنوورییەکانی شاری سەردەشت دەستی پێکرد. ئاغای شاهوەیسی سەبارەت بەم چاوپێکەوتنە ئەڵێت: «شێخ عێزەدین... ئاشنایەتیی من لەگەڵ ئەوان... دەگەڕێتەوە بۆ چەند چاوپێکەوتنێک لە مەهاباد و ئاوایی بێوران کە بێجگە لەو ژمارەیەک لە ڕێبەرانی تاقمەکانی دیکەش بوون. لە دانیشتنی بێوراندا . . . فەرماندەی سپای ڕۆژئاوا، ئەرتەش و... لەلایەنی ئەولاشەوە ئاغای شێخ عێزەدین، ئەحمەدی قازی، سەلاحی موهتەدی و ژمارەیەک لە کەسانێک کە نێوەکانم لە بیر نەماوە، بەشدار بوون.» (چشم‌انداز ایران، ویژەنامە ژمارە ٢ لاپەڕە ٢٤)

یەکێک لەو کەسانەی کە لەو وتووێژەدا بەشدار بوو من بووم! هەربۆیە پێم خۆشە لەسەری بدوێم.

١ـ لە دانیشتنەکانی بێوراندا لەلایەن دەوڵەتەوە ئاغایانی فروهر، سحابی، صباغیان، رضا ناجیان (فەرماندەی سپاە ڕۆژئاوا؟) و ئاغای ئەحەمدی قازی بەشدار بوون. (بە پێچەوانەی قسەکەی ئاغای شاهوەیسی ئەحمەدی قازی لە تارانەوە لەگەڵ نوێنەرانی دەوڵەتەوە هاتبوو) لایەنی ئێمەش بریتی بووین لە مامۆستا شێخ عیزەدین و چەند ئەندامێکی دەفتەرەکەیان، کاک ئیبراهیم عەلیزادە نوێنەری کومەڵە، کاک محەمدامین شیرخانی نوێنەری ڕێکخراوی چریکهای فدایی خلق و کاک سەلاحی موهتەدی کە ڕۆژی پێشتر لە خرێ ناوزەنگەوە هاتبووینە بێوران.

٢ـ دەقی داخوازییەکان لە چەند خاڵدا نووسرا بوون و بریار وابوو بدرێتە نوێنەرانی حکوومەت وەکو داواکاریی خەڵکی کوردستان. هەموو خاڵەکان داوا ڕەواکانی خەڵکی کورد بوون کە پێشتر لە زۆربەی خۆپیشاندان و کۆبوونەوە جەماوەرییەکاندا پشتگیرییان لێ کرابوو. لە بیرمە بەیانییەکەی کاتێک کە داخوازییەکانم خوێندەوە بینیم کە خاڵی یەکەمی کە لەسەر «مجلس خبرگان» بوو زۆر ڕەق نووسراوە. لەو سەروبەندەدا مەجلیسی خوبرەگان هەموو ڕۆژێک کۆ دەبوونەوە و پەیتا پەیتا یاسا و بریاراتی تازەی کۆماری ئیسلامییان پەسند دەکرد و لە ڕادیۆی تارانەوە بڵاو دەکرانەوە. گوتم مامۆستا ئەم خاڵە بۆ دانووستاندن نابێت و بۆنی ئاشتی و پێکەوەدانیشتنی لێوە نایەت. مامۆستا جارێکی دیکە سەیری کرد و قسەکەی قبووڵ کرد و وتی باشە دیسانەوە ئەو خاڵە بنووسنەوە بزانین چۆن دەبێت. سەرەڕای ئەوەی کە کاک سەلاح لەلای پەسند نەبوو ئاڵوگۆڕی تێدا بکرێت، ئەو خاڵە نووسرایەوە و پاش بیروڕاگۆڕینەوە لەگەڵ هەمووان پێشنیارەکەیان قبووڵ کرد. خاڵی یەکەم بەم شێوەیەی لێهات: «یەکەم- لەبەرئەوەی نوێنەرانی شارەکانی کوردستان لە مەجلیسی خوبرەگاندا بەشدار نین، خەڵکی کوردستان بۆیان هەیە گوێڕایەڵی ئەو بریار و پەسندکراوانەی ئەم مەجلیسە نەبن کە پەیوەندی بە بەرژەوەندیی خەڵکی کوردەوە هەبێت.»

لە دانیشتنەکەدا قسەوباسێکی زۆر کرا لەسەر ئاگربەس. نوێنەرانی دەوڵەت داوایان دەکرد کە کورد تەقە ڕابگرێت. وەڵامی ئێمەش ئەوە بوو کە ئێمەی کورد لە ماڵی خۆمان هێرش کراوەتە سەرمان و ئێمە بەرگریمان لە خۆمان کردووە لە بەرامبەر هێرشی دەوڵەتدا. کێ تەقەی دەست پێکردووە و فەرمانی تەقەکردنی داوە هەر ئەو کەسەش فەرمانی تەقەڕاگرتن بدات ئەوا شەڕ کۆتایی پێدێت. ئێمە شەڕمان دەست پێنەکردووە بەڵکو ئێوە دەتوانن شەڕەکە دەستبەجێ ڕابگرن.

سەیر ئەوەیە کە نوێنەرانی حکوومەت کە لە هەمان دانیشتندا بەشدار بوون، گێڕانەوەکانیان جیاوازییان هەیە. هەر سەبارەت بەم دانیشتنە ئاغای سەحابی ئەڵێت: «شەوێکیان لە سەردەشت چووین بۆ شاخەکان، چونکو ئەوان شوێنی گفتوگۆکانیان دیاری دەکرد. جەلال تالەبانیش ناوبژیکار بوو...کۆمەڵە و فیدایی و... یەک دوو کەسیش لە دیموکراتەکان لەوێ بوون. هەتا بەیانی قسەمان کرد بەلام عیزەدین نەیدەسەلماند... ئێمە دەمانگوت چەکەکانتان دابنێن با لەگەڵتان وتووێژ دەست پێبکەین. شێخعیزەدین دەیگوت ئێوە گفتوگۆکان دەست پێبکەن ئێمەش وردەوردە چەکەکانمان دادەنێین...» (چشم‌انداز ایران، ویژە کردستان ژمارە یەک لاپەرەی ٦٦)

چەند سەرنجێک لەسەر ئەو قسانە پێویستن:

١ـ مام جەلال بۆیە لەوێ بوو لەبەرئەوەی متمانەمان بە یەکتر نەبوو. بێوران زۆر لە شاری سەردەشت و لە پادەگانی ئەرتەشەوە نزیک بوو. جارێکیان بەرپرسێکی پێشمەرگەکانی یەکێتی بەپەلە هات و بە چپە شتێکی بە مام جەلال گوت. مام جەلال بە دەنگی بەرز وەڵامی دایەوە و گوتی: ئەگەر هات و ئەوان دەستیان کردەوە و بە پێچەوانەی بەڵێنەکان بزووتن، ئەوا ئێوەش دەستیان لێ مەپارێزن و وەڵامی شیاویان بدەنەوە!

٢ـ هیچ قسەیەک لە چەکدانان نەکرا، بەڵکو کێشەکە لەسەر ئاگربەس بوو. ئەوان حازر نەبوون قبووڵی بکەن کە ئاگربەس لەلایەن حکوومەتەوە بکرێت. (چەند ڕۆژ دواتر حیزبی دیموکرات کە ڕاستەوخۆ لەگەڵ حکوومەت وتووێژیان هەبوو، سەربەخۆ ئاگربەسی ڕاگەیاند. لەبەرئەوەی «دەستەی نوێنەرایەتی گەلی کورد» تازە پێکهاتبوو، بۆ پاراستنی ڕیزەکانی کورد، مامۆستا شێخ عیزەدین پشتگیری لێکرد و کۆمەڵەش ئاگربەسەکەی قبووڵ کرد و چریکهای فیداییش کە لقی کوردستانی ڕێکخراوێکی ئێرانی بوون نەیاندەتوانی کە ئاگربەس ڕابگەیەنن چونکو ڕایاننەگەیاندبوو کە لە شەڕدان، بەڵکو سەرەڕای ئەوەی کە هێزێکی چەکداری بچووکیان هەبوو، ئەوانیش هەر پشتیوانی خۆیان ڕاگەیاند.)

٣ـ مامۆستا نەیدەگوت گفتوگۆ دەست پێبکەن وردەوردە چەک دادەنێین. قسەکە ئەوە بوو کە ئێوە هێرشەکان ڕابگرن، ئاگربەس بکرێت، گفتوگۆکان کە دەستی پێکرد ئیتر زەمینەیەک بۆ درێژەپێدان بە شەڕ و پێکدادان نامێنێت.

٤ـ لەو کۆبوونەوەدا نوێنەرانی کۆمەڵە و چریکفیدایی بوون، بەلام لە حیزبی دیموکراتەوە کەس بەشدار نەبوو. هۆیەکەی ئەوە بوو کە حیزبی دیموکرات خۆیان بە جیاواز لە گفتوگۆدا بوون. هەرچۆنێک بێت گفتوگۆکان پاش چەند سەعات کۆتاییان پێهات و بەیانی ڕۆژی دواتر پاش گەڕانەوەی نوێنەرانی دەوڵەت کۆبوونەوەیەکی گشتیمان کرد بۆ هەڵسەنگاندنی وتووێژەکان. بەتێکڕا پێمان وابوو کە داواکانی ئێمە هەموویان لە جێی خۆیاندا بوون. بەلام لایەنی بەرامبەر واتە دەوڵەت خەریکی دووبەرەکینانەوەیە و جیددی نییە لەسەر دانیشتن و دانوستاندن. چەند ڕۆژ دوای ئەو کۆبوونەوە ڕادیۆ تاران پەیامی ئاگربەسی یەکلایەنەی حیزبی دیموکراتی خوێندەوە و دواتر واتە ڕۆژی ١٩٧٩/١١/١٧ پەیامی خومەینی بۆ خەڵکی کوردستان بڵاو کرایەوە کە ئاشکرا پاشگەزبوونەوە بوو لە فەرمانی جیهادەکەی سێ مانگ پێشتری خودی خۆی. بەلام بە پێچەوانەی ئومێدەوارییی زۆر کەس و لایەن لەڕاستیدا پەیامەکەی خومەینی فارس گوتەنی لە «کلی‌گویی» واتە گشتبێژی بەولاوە هیچی دیکە نەبوو. بەڵێ لە خاڵی چوارەمدا باسی بەڕێوەبردنی کاروباری ناوخۆیی و محەللی و هەروەها نەهێشتنی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی فەرهەنگی و ئابووری و سیاسی دەکات، بەڵام خێرا ئەوەی لێ زیاد دەکات کە ئەمە مافی هەموو توێژەکانی میللەتە لەوانەش برا کوردەکان.

... درێژەی هەیە

# ئایا ئەحمەدی خانی
# سەرەتای مەم و زینی خانی نووسیوە؟

ئالان سوڵتانی

توێژینەر و کوردناسی هۆڵەندی ڕێزدار مارتین ڤان برۆینیسن لە وتارێکدا کە ڕۆژی ٢٧ی مانگی مەی، ساڵی ١٩٩٥ لە کۆمەڵی نووسەرانی کورد لە شاری ستۆکهۆڵمی سوید ئاراستەی کردووە و دواتر وەک بەشێک لە کتێبێکی ڕێزدار عەباسی وەلیدا بڵاو کراوەتەوە[١] و کاک حەسەنی قازی لە ئینگلیزییەوە وەریگێڕاوەتە سەر کوردی،[٢] مەسەلەیەکی سەرنجڕاکێشی لەمەڕ سەرەتای چیرۆکی مەم و زینی خانی هێناوەتە گۆڕێ کە پێویست بە وردبوونەوەیە و مامۆستا محەمەدی مەلا کەریمیش لە وتارێکدا وەڵامی بۆچوونەکانی داوەتەوە،[٣] کە دواتریش بۆتە نامیلکەیەکی سەربەخۆ و بڵاو کراوەتەوە.

برۆینیسن ئەو پرسیارە دەکات ئایا دەکرا باسی دامەزرانی «دەوڵەتی نەتەوەیی کورد» لە سەردەمی ژیانی خانیدا بێتە گۆڕێ، لەکاتێکدا «ئەودەم، خەڵک بەگشتی خۆیان بە گرووپی ئێتنیکی یان نەتەوە پێناسە نەدەکرد... ڕۆم، عەرەب و عەجەمی ئەحمەدی خانی گرووپی ئێتنیکی خاوەن دەوڵەت نین... عەرەب و کورد (یان کرمانج...) دەوڵەت نین بەڵکوو گرووپی ئینسانین.»

لە درێژەی قسەکانیشیدا دەڵێت: «ئەودەم [واتە سەردەمی خانی]، بیری دەوڵەتی نەتەوایەتی هێشتا دەرنەکەوتبوو، نە لە ئاسیا و نە لە ئورووپا... ئەگەر ئەحمەدی خانی بیری لە شێوەیەکی دەوڵەت کردبێتەوە، پادشایەکی کوردی بە ئاوات خواستوە و دەوڵەتەکەی بە هیچ کلۆجێ دەوڵەتی نەتەوایەتی نەبوە، بەڵکو دەوڵەتێکی فرەئێتنیکی دیکەی لەبەرچاو بوە کە تێیدا «ڕۆم و عەرەب و عەجەم تەمامی...حەمیان ژمەرا دکر غولامی.»

برۆینیسن لە بەشێکی دیکەی وتارەکەیدا دەڵێت: «هێندێک بڕگەی سەرەتای مەم و زین، بێ سێ و دوو، دەنگی نوێباوبوونی لێوە دێت، وەک ئەوەی بڵێی [ئەو] قسانە لەلایەن ناسیۆنالیستەکانی بەرایی سەدەی بیستەمەوە کرابن، تا قسەی سێ سەدە پێشتر بن... لەڕاستیدا من خۆم بۆ ماوەیەک پێموابوو ئەو قسانە نەک لەلایەن خانی، بەڵکوو گەلێک دواتر لەلایەن نوسخەهەڵگرێکەوە خرابێتنە ناو کارەکەی ئەوەوە چونکو لەبەر گوێی من زۆر تازە بوون. بەڵام هەر ئەو قسانە لەو چاپە زانستییە [ی مەم و زین]یشدا کە م. ب. ڕۆدینکۆ بڵاوی کردۆتەوە هەن. ڕۆدینکۆ نوسخەی چاپکراوی خۆی لەبەر ٩ دەستنووسی جۆربەجۆر ساغ کردۆتەوە کە ئەوی هەرەکۆنیان لە ساڵانی ٣٢ـ١٧٣١دا نووسراوەتەوە، واتە زۆر پێش دەرکەوتنی ناسیۆنالیزمی نوێباو لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.»

بەکورتی، برۆینیسن دەڵێت بابەتی سەرەتای مەم و زین و ئەو باسەی کە لەوێدا لەسەر ناسیۆنالیزم و دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوەیی کراوە، بۆ سەردەمی شاعیرێکی وەک ئەحمەدی خانی لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست گەلێک زوو بووە و ئەگەر مەسەلەی ئەو نوسخەیەی ساڵی ٣٢ــ١٧٣١ی بەر دەستی ڕۆدینکۆ نەبووایە، من دەمگوت قسەکان هی خانی نین و نوسخەهەڵگرانی سەردەمێکی درەنگتر ئەو سەرەتایەیان هۆندۆتەوە و لە چیرۆکی مەم و زینیان زیاد کردووە.

ئەوەی تا ئێرە گوترا بۆچوونەکانی مارتین ڤان برۆینیسن بوون. من نامەوێت بچمە ئەو باسە تیۆرییەوە کە بەگوێرەی ئەو، سەردەمی ژیانی خانی واتە سەدەی حەڤدەیەمی زایینی، بۆ ئەوە نەدەبوو شاعیرێکی کوردی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست هەڵگری بیرۆکەیەک بێت کە هێشتا لە ئەورووپاش نەبووبووە باوەڕی باو. ئەم کارە لە بواری زانست و زانیاریی مندا نییە و خۆمی تێهەڵناقورتێنم، سەرنجی ئەو کەسانەش کە دژ بە بۆچوونی برۆینسن دەوەستن بەرەو وتارێکی مامۆستا محەمەدی مەلا کەریم ڕادەکێشم کە تێیدا هەوڵ دراوە وەڵامی بۆچوونەکانی ناوبرا بداتەوە.[٣]

بابەتی ئەم وتارەی من هاوتەریبە لەگەڵ بۆچوونی برۆینسن، بێ ئەوەی هاودەنگییەکم لەگەڵ ئەو یا لەگەڵ کاکە حەمەدا هەبێت. بەکورتی، من لە بواری هەڵسەنگاندنی نوسخەیەکی دەستنووسی مەم و زینی خانییەوە بۆ مەسەلەکە دەچم کە ئێستا لە کتێبخانەی بریتانیا (بریتیش لایبرێری) پارێزراوە.

ئەو دەستنووسە، وەک لە کتێبێکی پێشوومدا باسم لێوە کردووە،[٤] بە ناوی «دیوانی شێخ ئەحمەدی خانی»یەوە لە کتێبخانەی بریتانیا تۆمار کراوە. نوسخەکە، لە ساڵی ١٢٢١ی کۆچی (٧ـ١٨٠٦ز) واتە سەدودوو ساڵ دوای کۆچی دوایی خانی ـ کە بەگوێرەی بۆچوونی مامۆستا عەلائەددینی سەجادی و نووسەرانی دیکەی کورد، لە ساڵی ١١١٩ی کۆچی بەرانبەر لەگەڵ ٨ـ١٧٠٧ی زایینی بووە، نووسراوەتەوە. نوسخەهەڵگر، (عبدالباقی) ناوێک بووە کە خۆی بە (عبدالباقی بێ تەڵقین) ناوبردە کردووە و بەداخەوە ئێمە هیچ زانیارییەکمان لەسەری نییە.

لە هەمان شوێندا من دەستنیشانی ئەوەم کردووە کە سەرەتای مەم و زین لەو نوسخەیەدا بە شێوەیەکی نائاسایی کەوتۆتە پەراوێزی لاپەڕەکانەوە، واتە نووسەرەوەی دەستنووسەکە، مەم و زینی وەک ئەوەی سەرەتای نەبووبێت لە دەقی ئەسڵی چیرۆکەکەوە دەست پێکردووە و یەکەم دێڕەکانی بریتین لە:

نەققاشێ سەحیفەیێ حیکایەت
نەققادێ سەبیلەیێ ریوایەت
کێشا ب ڤی تەرحێ ڕەسم و ئایین
لێدا ب ڤی تەرزی زەرب و تەزیین
گۆ: پادشەهەک زەمان سابق
رابوو دحکوومەتا خوە فایق...

وەک دەبینین، ئەوە دەقی سەرەکیی چیرۆکی مەم و زین و باسی حکوومەتی میری بوهتان و زینی خوشکیەتی و هەموو ٣٦١ فەردی پێش ئەو ـ واتە ئەوەی بە «سەرەتا»ی مەم و زینی خانی ناسراوە، لەم نوسخەیە هەڵاوێرراوە وەک ئەوەی هەر نەبووبێت، ناویشی لێ نەهێناوە. ماوەیەک درەنگتر، نووسەرێکی تر هەموو ٣٦١ فەردی سەرەتاکەی لە پەراوێزی لاپەڕەکانی سەرەتادا نووسیوەتەوە.

ئێستا ئەو پرسیارە سەر هەڵدەدات کە ئایا دەستنووسی سەرەکیی مەم و زینیش هەر بەم شێوەیە نەنووسراوەتەوە؟ ئایا خانی لە ئەسڵدا چیرۆکەکەی خۆی بەبێ سەرەتا نەنووسیوە؟ برۆڤینسن متمانە بە ڕۆدینکۆ دەکات کە نوسخەی چاپکراوی خۆی لەبەر ٩ نوسخەی دەستنووسی مەم و زین ئامادە کردووە، کە یەکیان لە ساڵانی ٢ــ١٧٣١دا نووسراوەتەوە و ئەوەش زۆر لە ساڵی مردنی خانی (١١١٩ک/٨ــ١٧٠٧ز) دوور نییە. بەڵام ئەم متمانەکردنەی لە جێی خۆیدا نییە، لەبەرئەوەی ئێمە نازانین ئایا هەموو ئەو نوسخانەی وا لە بەردەستی ڕۆدینکۆدا بوون، یەکە یەکە ئەو سەرەتایەیان تێدا بووە و بەتایبەت نوسخەی ساڵی ٢ــ١٧٣١ خاوەنی سەرەتاکە بووە یان نا. ئەم گومانکردنە لە کاری ڕۆدینکۆ، دیارە پەسندێکە بۆ بۆچوونی برۆڤینسن لەمەڕ ناتەبایی سەردەمی ژیانی خانی لەگەڵ هەڵوێستە و بڕوای سیاسیی ناو سەرەتاکەی مەم و زین.


بەڵام کارەکە سەرێکی تریشی لێ دەبێتەوە: ئایا سەردەمی ژیانی خانی هەر هەمان ئەو ساڵانەیە وا مامۆستا عەلائەددینی سەجادی لە مێژووەکەی خۆیدا باسی لێوە دەکات؟ سەجادی بۆ ساڵی لەدایکبوون و مردنی خانی ١٦٥٠ و ١٧٠٦ی داناوە و گەرچی سەرچاوەیەکی زۆری تاووتوێ کردووە بەڵام ئەساسی بۆچوونەکەی لەسەر قسەی مەلا ساڵح ناوێک داناوە کە جارێک لە مزگەوتێکی بەغدا بینیویەتی و لە زمان ئەوی بیستووە کە ساڵی مردنی خانی بە ڕستەی عەرەبی «طارخانی الی ربه» زانیوە و ئەویش بە حیسابی ئەبجەد دەکاتە ساڵی ١١١٩.

ئایا دەبێ بە بۆچوونێکی ئەوتۆ تەواو پشتئەستوور بین؟ ئایا خانی ساڵانێکی زیاتر نەژیاوە؟ ئەو مەسەلەیەش دەتوانێت کە کێشەی گەیشتنی چەمکی «نەتەوە» و «ناسیونالیزم» بە ناوچەکە و ناسیاوبوونی خانی لەگەڵیدا دەور ببینێت.

گەرچی ناکرێت بەتەنیا لەسەر ئەساسی نوسخەکەی کتێبخانەی بریتانیا بڕیارێک سەبارەت بە کێشەکە بدرێت، بەڵام بە هۆی ئەو ڕاستییەوە کە ئەویش جیاوازییەکی لەنێوان دەقی چیرۆکی مەم و زین و سەرەتاکە داناوە، بایەخی ئەوەی هەیە زیاتری لەسەر بڕۆین و تایبەتمەندییەکانی شی بکەینەوە، لەڕاستیشدا ئەرکی ئەم وتارەش هەڵسەنگاندنی ئەو دەستنووسەیە، بێ ئەوەی بمەوێت لە کێشەکەدا لایەنێک بگرم و بە لایەکیدا بشکێنمەوە. من لەم بارەیەوە زۆر بەپارێزەوە هەنگاو هەڵدەهێنمەوە و ئەویش بە هۆی گرنگایەتیی مەسەلەکە و ئەوەی کە وا هەیە یەکالابوونەوەی کێشە ڕووخساری مێژووی ئەدەبی کوردی بگۆڕێت و نەک هەر ئەوەش بەڵکو شوێن دابنێتە سەر مێژووی بیری سیاسی لە کوردستان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست، کە تا ئەو جێیەی من بزانم کە هیچ سەرچاوەیەکی زمانەکانی دیکەی ناوچەدا پێش سەرەتای مەم و زین و لەئەنجامدا پێش ئەحمەدی خانی مەسەلەی دامەزرانی دەوڵەتی نەتەوایەتی وەک چەمکێکی ئەمڕۆیی باسی لێوە نەکراوە.

من مەسەلەی نوسخەکەی بریتیش لایبریریم زۆر بە هەند وەرگرت و جارێکی تر بەوردی سەیرم کردەوە. نوسخەی دەستنووسەکەم چەند ساڵێکە لەلایە و ئەویش لەو کاتەوە مامۆستای بەڕێز محەمەد ڕەسووڵ هاوار دەیویست کۆپییەکی بکرێت و وەک دیاری بۆ پرۆفیسۆر عیززەدین مەلا ڕەسووڵ بنێرێت. من کارەکەم لە کتێبخانەی بریتانیا بۆ ڕاپەڕاند و خۆیشم کۆپییەکم لە بەر هەڵگرت و ئەوەندەی بزانم مامۆستا کۆپییەکیشی پێشکەش بە کتێبخانەی کوردستانی مەڵبەندی ڕۆشنبیریی کوردی لە لەندەن کرد.

لە سەرنجەکانمدا هەستم بەوە کرد کە جیاوازییەک لەنێوان شێوەخەتی دەق و شێوەخەتی پەراوێز واتە چیرۆکی مەم و زین و سەرەتاکەیدا هەبێت، بۆیە هەستکردنی ساکاری کەسێکی ناشارەزا وەک من بۆ کێشەکە بەس نەبوو و نەدەکرا بە مەزندە و گومان بە گژ کارێکی وا گرنگدا بچم. دەبووایە دەستاوێژی قایمترم هەبێت.



نموونەیەک لە دەستنووسی دیوانی خانی

کۆپیی دوو لاپەڕەی سەرەتای نوسخەکەم بە ئیمەیل نارد بۆ توێژێنەری بەڕێزی کورد کاک محەمەدعەلی سوڵتانی لە تاران و تکام لێکرد بۆچوونی خۆی و هاوسەری بەڕێزی خاتوو «فەریبا مەقسوودی»م لەسەر ئەو دەستنووسە پێ ڕابگەیێنێت. فەریباخانم خۆشخەتێکی گەلێک ناودارە و دەقی زۆر شیعری کوردی بە خەتی خۆی نووسیوەتەوە، یەکەمین ژنێکیشە لە جیهانی ئیسلامدا کە سەرجەمی قورئانی بە دەستخەتی خۆی نووسیبێتەوە.

کاک محەمەدعەلی لە ماوەی چەند ڕۆژێکدا نامەی ٢٠٠٦/٢/٢٨ی بە ئیمەیل بۆ ناردم و تێیدا ئەم بۆچوونانەی لەسەر نوسخەکەی بریتانیا دەربڕی:

١ـ خەتی دەقی سەرەکیی [نوسخەکەی مەم و زین] لەسەر شێوازی حافظ عوسمان و نوسخەگەلی تورکی (عوسمانی)یە، ڕێک و پێکە، نووسەرەکەی پسپۆر و فێرکردەی لای مامۆستایان بوە. ئەم شێوەخەتە هی ناوەڕاستەکانی دەورەی سەفەوی() تا سەرەتاکانی قاجارە[٢] و ماوەیەک دوای ئەوە، کە لە سەرانسەری وڵاتانی ئیسلامیدا بەشێک لە ئێرانی ناوەندی و لەسەر ڕێچکەی (نەیریزی) ناسراو بە (نەسخی ئێرانی) بوون، باو بوە ـ بەتایبەت لەسەر هێڵی سنووری ڕۆژئاوای ئێران کە دراوسێی وڵاتی عوسمانی ئەو سەردەمانە بوون و هونەرمەندانی خۆشنووس و زۆربەی نزیک بە هەمووی ئەهلی سوننە کە دەمارگیرییەکیان هەبوو، ئەم شێوازەیان دەنووسی. قەڵەمی خۆشنووسەکە، (ڕەیحانی) و گەلێک ناسک نووس بوە.

٢ــ خەتی پەراوێز: نووسەرەکەی



نموونەیەک لە دەستنووسی دیوانی خانی

ویستوویەتی لاسایی نووسەری ئەسڵی بکاتەوە بەڵام نەیتوانیوە. شێوازی ئەو پێی دەگوترێ «نەسخی تەحریری». نەسخی ئەو کەسە لەسەر هیچ شێوازێکی تایبەت نییە لەبەرئەوەی نووسەرەکەی فێرکردەی لای مامۆستایان نەبوە و پسپۆرایەتیشی نەبوە، بەڵکوو تەنیا لاساییکەرەیەک بوە و ئیتر هیچ. ئێمە دەبێ شێوازەکەی بە «بێ هەویە» دابنێین لەبەرئەوەی نە ئێرانییە و نە عوسمانی، کارەکەشی گەلێک سەرەتاییە و تەنانەت لە تاشینی قەڵەمەکەشی دا ناوەستا بوە. کاتێ سەرنج دەدەینە هەندێ بزوێن و پیت، دەگەینە ئەو ئەنجامەی کە سەردەمی ئەو لەگەڵ سەردەمی نووسەری ئەسڵیدا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

ئەوەی تا ئێرە خوێندمانەوە، بۆچوونی کاک محەمەدعەلی سوڵتانی بوو سەبارەت بە شێوەخەتی دەق و پەراوێزی نوسخەکە و بۆچوونەکە دەتوانین لە چەند دێڕدا کورت بکەینەوە: شێوەخەتەکان لە یەکتر جیاوازن، پەراوێزنووسەکە لاسایی نووسەری دەقی ئەسڵی کردۆتەوە و سەردەمی ژیانی ئەوان لەگەڵ یەکتردا جیاوازییەکی بەرچاوی هەیە.

ئێستا ئیتر ئەگەر ئەم دەسکەوتە بخەینە لای بۆچوونی پسپۆرانی سیاسەت و مێژوو لەمەڕ تیۆری ناسیۆنالیزم و پەیدابوونی چەمکی «نەتەوە» لە ئەوروپا، دەتوانین بە ئیحتیاتی زۆرەوە ئەم بۆچوونانە دەربڕین:

ئـ : ئەگەر ساڵی کۆچی دوایی ئەحمەدی خانی هەمان ١١١٩ [٧ــ١٧٠٦] بێت کە مامۆستا عەلائەددینی سەجادی دەڵێت؛

ب: ئەگەر چەمکی نەتەوە و ناسیۆنالیزم لە ئەوروپا لە سەردەمی ژیانی خانیدا هێشتا لە ئارادا نەبووبێت، یاخود نەگەیشتبێتە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕات و شوێنی ژیانی ئەحمەدی خانی؛ و

پ: ئەگەر بۆچوونی مامۆستا محەمەد عەلی سوڵتانی لەمەڕ جیاوازبوونی سەردەمی نووسەرانی دەقی چیرۆکی مەم و زین و سەرەتاکەی بە دوابڕیار لەم بارەیەوە وەربگرین،

ئەوا دەبێت لەم چەند ئیحتیمالەی خوارەوەش بگرینە ئەستۆ:

١ـ تەئریخی لەدایکبوون و کۆچی دوایی کردنی خانی ڕاست نییە و ئەم شاعیرە کوردە لە ساڵانێکی درەنگتردا ژیاوە؛

٢ــ ئەو بۆچوونە پسپۆڕانی لەمەڕ سەرهەڵدانی بیرۆکەی نەتەوە و نەتەوەپەروەری لە سەدەی هەژدەیەمدا، ڕاست نییە و مەسەلەکە لە سەدەیەک پێشتر، واتە لە سەردەمی ژیانی خانی لە سەدەی ١٧دا لە ئەوروپا لە ئارادا بووە؛

٣ـ خانی بلیمەتێک بووە کە گەلێک لە پێش زەمانی خۆیەوە بیری کردۆتەوە و ئەوەی ئەوروپاییەکان لە سەدەی ١٧دا پێی گەیشتوون، ئەو لە سەدەی ١٧دا زانیویەتی؛

٤ـ هیچکام لەو بۆچوونانە پەسندێکی بە بەڵگەی مێژووییان لە پشت نییە و تەنیا بە گۆترە گوتراون. لەڕاستیدا، خانی لە سەدەی حەڤدەیەمدا ژیاوە، مرۆڤێکی هونەرمەند بووە، بەڵام وەک هەموو خەڵکانی تر ئاگای لە گۆڕانکارییە فیکرییەکانی سەدەیەک دوای خۆی نەبووە؛

٥ــ ئەو سەرەتایەی بۆ مەم و زین نووسراوە، کاری خانی نییە و کەسانێک بە یەک یا دوو سەدە دوای خانی بە ناوی ئەوەوە نووسیویانە، واتە گومانکردنی مارتین ڤان برۆڤینسن لە شوێنی خۆیدایە؛

٦ــ ئەگەر بۆچوونی خاڵی پێنجەم بە ڕاست وەربگرین، ئەوا مەسەلەی شێوەخەتی دەستنووسەکەی کتێبخانەی بریتانیا گرنگی پەیدا دەکات و دەبێت نرخی زۆری بدرێتێ؛

٧ــ جیاوازیی نێوان شێوەخەتی دەقی چیرۆکەکە و پەراوێزی دەوری دەقەکە، بەتایبەت ئەوەی کە محەمەدعەلی سوڵتانی دەڵێت جیاوازییەکی بەرچاوی زەمەنی لەنێوان نووسەرانی دەق و نووسەرانی پەراوێزدا هەیە، نیشان دەدات کە پەراوێز (واتە سەرەتای مەم و زین) دواتر لە دەقی چیرۆکەکە زیاد کراوە؛

٨ــ ئەحمەدی خانی چیرۆکەکەی مەم و زینی هۆندۆتەوە، کە بەم فەردەشیعرە دەست پێ دەکات:

نەققاشێ سەحیفەیێ حیکایەت
نەققادێ سەبیکەیێ ڕیوایەت...

٩ــ هەموو ٣٦١ فەردشیعری پێش ئەو فەردە، واتە ئەوەی وا ئێمە بە سەرەتای مەم و زینمان ناسیوە، هەر لە پەسندی خوداوە (یەکەم فەرد):

سەرنامەیێ نامە، نامە ئەڵڵاه
بێ نامێ وی، ناتەمامە وەڵڵاه...

هەتا فەردی ژمارە ٣٦١:

سەهو و غەلەتان نەکن تەعەججوب
تەئویل بکن ژبۆ تەعەسسوب

هەمووی لەلایەن کەسایەتییەکی کوردەوە، درەنگتر و وا هەیە لە سەدەی نۆزدەیەم و بیستەمدا هۆنراوەتەوە و ئەو کەسە، بیری نەتەوایەتی کوردیی خۆی لە زمانی ئەحمەدی خانییەوە دەربڕیوە و لە چیرۆکی مەم و زینی زیاد کردووە.

١٠ـ ئەگەر خاڵی ژمارە ٩ی سەرەوە ڕاست بێت، ئەوا دەستبەجێ پرسیارێک سەر هەڵدەدات: کێ و کەی ئەو سەرەتایەی نووسیوە؟ بۆچی نووسیوە و بۆ بە ناوی خانییەوەی نووسیوە؟ لە کۆتایی وتارەکەدا، من خۆم هیچ ئیجتیهادێک ناکەم و لایەن ناگرم، وتارەکەشم بۆ سەلماندن یا بەرپەرچدانەوەی بۆچوونی ڕێزدار برۆڤینسن نەنووسیوە. نیازم لەم کارە، تەنیا ڕاگەیاندن و زانیاریبەخشین بووە سەبارەت بە دەستنووسێکی مەم و زین لە کتێبخانەی بریتانیا، کە بە هەڵکەوتیش بێت لەم بوارەدا گرنگایەتیی زۆری پەیدا کردووە.

پەراوێز:

1. Martin van Brouinessen, Ehmad Xani´s Mam u Zin and its role in the Emergence of kurdish national awareness, in: Esseys an the origins of kurdish nationalism, Edited by: Abbas Vali, Mazda publications inc., 2003, California, pp.40-57.

٢ـ مارتین ڤان براونێسن مەم و زینی ئەحمەدی خانی و دەوری وی لە دەرکەوتنی وشیاریی نەتەوایەتی کوردیدا، وەرگێڕان لە ئینگلیسییەوە: حەسەنی قازی، گۆڤاری گزینگ، چاپی سوید، ژمارە ١٤، زستانی ١٩٩٧، لل١٥تا٢٢.

٣ـ محەمەدی مەلاکەریم، دەمەتەقێیەکی دۆستانە لەگەڵ کاک مارتین ڤان براونێسن لەبارەی ئەحمەدی خانی و مەم و زینەکەی، دەوری مەم و زینەوە لە وشیارەی نەتەوەیی کورددا، گۆڤاری گزینگ، ژمارە ١٩، بەهاری ١٩٩٨، سوید، لل٨تا١٤

٤ـ ئەنوەری سوڵتانی، ٢١ دەستنووسی کوردی (و فارسی سەبارەت بە کورد) لە کتێبخانەی بریتانیا، کتێبفرۆشی ئەرزان، سوید، ١٩٩٧، لل٨٩تا٩١

# شیعری بێسارانی
# لە ئاوێنەی وێنەکانی «ناسر قازی زادە»دا

ئەنوەر سوڵتانی

بەهاری ساڵی ١٩٩٨ بوو، من ـ کەشکۆڵی شـێخ عبدالمؤمن مەردۆخی ـم بۆ چاپ ئامـادە دەکرد.[١] تکام لـە هونەرمەندی جێگـەی ڕێـزی گەلەکەمان کاک ناسـر قازی زادە کرد بێت بۆ لەندەن بۆ ئەوەی پێکـەوە پرۆژەیـەک بـۆ ڕازاندنـەوەی ڕووبەرگ و هەنـدێ لاپەڕەی ناوەوەی کتێبەکە دابڕێژین.

ناسـر، هونەرمەندێکـی وێنەگـەرە، کە بیسـت سـی سـاڵە زێدی سەردەشتی کوردسـتانی بـە جـێ هێشـتووە و لە فەڕەنسـە نیشـتەجێ بووە. لـە هەموو ئەو ماوەیەشـدا بە کاری وێنەگەرییەوە خەریک بووە، لە زانسـتگەی سۆربۆنی پاریـس دەرسـی خوێنـدووە و لە زۆر پێشانگەی هونەریدا بەشداریی کردووە، بـێ ئـەوەی ڕەنـگ و تـام و بەرامەی شـایی و شـین و ژیانی سەردەشت لە تابلۆ سەرکەوتووەکانی بچنە دەرەوە.

لە مـاوەی ئەو چەند ڕۆژەیـدا کە کاک ناسـر لە لەنـدەن مایـەوە، پێکـەوە بە شـیعری ناو کەشکۆڵەکەدا چووینەوە و شیعری بێسارانی ـ کە بەشی سەرەکی کەشـکۆڵەکەی پێـک هێنـاوە، بەتایبـەت بەشی [چراخیات] کە وا هەیە ڕازاوەترین بەشی شـیعری بێسارانی بن، سەرنجی تایبەتی ناسریان بەرەو خۆیان ڕاکێشا. ئەنجامی کارەکە بوو بە شـەش تابلۆی ڕازاوەی هونـەری ـ چـواری ڕەنگی و دووانـی ڕەش و سـپی، بـەڵام بنکـەی بڵاوکـەرەوەی کتێبەکـە، زیاتـر لـە وێنـەی کلاسـیک و سـوننەتیی کۆنی کـوردی دەگـەڕا کە لەگەڵ سـەردەمی ژیانـی بێسـارانی و شـاعیرانی دیکەی کەشـکۆڵەکەدا یـەک بگرێتـەوە و لـە ئەنجامـدا بڕیاریـان دا لەجیاتـی وێنـە «مۆدێرن»ـەکانی کاک ناسر، مینیاتۆری دەسکێشـی شـەرەفخانی بتلیسی بکەنە ڕووبـەرگ و ناوئاخنی کەشـکۆڵەکە و بەم شـێوەیە وێنەکانی ئـەو لە لای من مانەوە، کـە لەو کاتە بـەدواوە دیواری ماڵەکەی ئێمەیان پێ ڕازاوەتەوە.



ئەنوەر سوڵتانی

ئەمسـاڵ بیرم لەوە کردەوە کە کارێکی بـێ جێ دەبێـت ئەگەر وێنـەکان بکەمە ماڵـی شەخسـی و هـەر لـە لای خۆم ڕایانبگـرم. جـا بڕیارمـدا هەر شـەش تابلۆکە هاوڕێ لەگەڵ ئەو شیعرانەدا کە بنەمای خوڵقانی تابلۆکانن بڵاو بکەمەوە و بینەر و خوێنەری کوردیش لەو جوانی و ڕازاوەییـەدا بکەمە هاوبەش، کە تابلۆ جوانەکانی ناسر بە کاولاشەکەی منیان بەخشیوە.

هونەرمەندی وێنەگەر هەرگیز پێی خۆش نابێـت شـیعر و چیرۆکـی خەڵکانی تر بڕازێنێتەوە و کارێک بکات کە بەرهەمی فیکر و ئەندێشـەی کەسـانی تـرە. ئەم کارە، سـەربەخۆیی فیکریی وێنەگەر لە نـاو دەبات و دەیکاتـە بەردەماوخۆری بیر و هزری کەسانی تر، بەتایبەت ناسر کە لەمەڕ سـەربەخۆیی هونەریی خۆی، دەمارگیرییەکی زۆری هەیە.

بـەڵام بـە تەنیشـت ئـەو ڕاسـتییەوە، ڕاستییەکی دیکەش هەیە: ئەمڕۆ بواری illustration واتـە ڕازاندنـەوەی کتێـب، هـەر لە کتێبـی منداڵانەوە تـا چیرۆکی گەورەسـاڵان و کتێبی شـیعر و... بۆتە بوارێکی بەرفراوان و نەک هەر ڕەسم و وێنە، بەڵکو فیلمی سینەمایی و کارتۆنیش لەسـەر چیرۆکی نووسـراوی خەڵکانی تر دەخوڵقێنرێـت. واتـە هونەرمەندانی وێنەگر، خۆشـیان بێت و ترشـیان بێت، ڕاکێشـراونەتە بوارێکەوە کـە لە دەیان سـەدە پێـش ئێستاشـەوە هـەر کاری تێدا کراوە و ئەمڕۆ گەیشـتۆتە پلەیەکی بەرزی کاری هونەری.

هـەر چۆنێـک بێت، خوێندنـەوە و باس لەسەر کردنی «چراخیات»ی بێسارانی، واتە ئەو شـیعرانەی وا بـە «چراخ» یا «چراخم» دەسـت پێ دەکەن، شـوێنی دانایە سـەر ناسر و ئامادە بوو وێنەیان لێ بکێشێتەوە. کارەکەی دەستی پێ کرد و سەرجەم ٦ تابلۆ کێشرایەوە. تابلۆکان شوێنی گشتی شـیعرەکانی بێسارانییان لەسەرە و گەرچی هەرکامیان تایبەت بە یەک شیعر کراون و تەنانەت لە دووانیاندا (تابلـۆی یەکـەم و پێنجەم) شـیعرەکان بەشێک لە تابلۆکانیان پێک هێناوە، بەڵام تابلۆکان لەڕاستیدا بەرهەمی ئەو ئیشراق و هاوهەسـتییەن کە لەنێوان وێنەگەر و شـاعیر یاخود بیری هونەریی ئەو دوو کەسـەدا پێک هاتوون و ڕەنگدەرەوەی ئـەو کارتێکەرییـەن کـە خوێندنـەوەی شیعرەکانی بێسارانی لە مێشکی ناسری قازی زادەیدا هێناویەتە دی.

ڕۆژی ٢٠٠٦/٣/١ بیـری بڵاوکردنـەوە و چاپـی تابلۆکانم بـە تەلەفۆن بە کاک ناسر ڕاگەیاند، ئەویش جگە لە بەرهۆی دۆسـتی و هاوڕێیایەتیمـان بەڵکـو بـۆ مەسەلەی «کۆپی ڕایت»یش کە مافێکی گرنگی هاوچەرخە و بەرگری لە فەوتانی مافی سـەرەکیی هونەرمەندان دەکات و پێویسـتە هەمـوو لایەکمان پێـی پابەند بین.

کاک ناسـر پەسـندی چاپـی تابلۆکانی کـرد و ماوەیـەک دواتـر لـە نامەیەکی دوولاپەڕەییـدا ڕوانینـی خـۆی لەمـەڕ چۆنیەتی و هۆی کێشـانەوەی تابلۆکان پێ ڕاگەیاندم، کە ئەوە کورتەیەتی:

«...لە ماڵ کە هاتمە دەر، گەرمای نیوەڕۆ لە ڕوخساری دام. گەرماکە خستمیەوە بیر گەرمای وڵاتەکەی خۆم... بە لای باریکەیەکی سەوزەڵاندا تێپەڕیم، پێڵاوە تازەکانم لەسەر زەوی جیرەیان دەهات... هاوڕێی کۆنم داوای لێکردبووم چەند تەرحێک بۆ کتێبەکەی ئامادە بکەم. من لەگەڵ «ئیلوستراسیۆن»دا نیم، بەڵام پێشنیارەکەم قەبووڵ کرد و چەند تەرح و وێنەیەکم کێشایەوە.

لە وێنەکاندا، سەردەمی منداڵی خۆم لە کۆڵان و شەقامە خۆڵینەکانی سەردەشت، سەنگفەرش و پلیکانەکانی «قەڵای» ناوداری سەقز خۆیان دەنواند. سەردەمی منداڵی، زستانی ساردی سەردەشت، کۆتری هەمەڕەنگ بە شاپەڕی گەورە و دوو لاقی پەڕدار و چەتر و کڵاوی پشتەسەریانەوە؛ ئەسپی ماڵە دراوسێکان بە یاڵی درێژ و چاوی بریقەداریانەوە بوون بە بابەتی تابلۆکان.

من پێوەندێکی دوور لە باوەڕی ئاساییم لەنێوان شیعری بێسارانی و یادی کاڵ و کەمڕەنگی ڕابوردووەکانی خۆم هەست پێ دەکرد. کەوتمە بیری «گۆگەن» ـ کە پێی دەڵێن شاعیری ڕەنگەکان. منیش لە شیعری بێسارانیدا ڕەنگەکانی سەردەمی منداڵی خۆم دۆزییەوە.

هەر لە بیری سەردەمی منداڵی و سەردەشتدا بووم. ڕادیۆیەکی «بڵاپۆنکێت»مان بوو، لە ڕادیۆ کرماشانەوە دەنگی گۆرانیی حەسەن زیرەک دەهات، هەمووومان لە دەوری یەکتر، لە ماڵێکی ئاماڵ تاریکدا بە دەوری چرایەکی گرسۆزەوە ئاڵقەیەکمان پێک دەهێنا، حەسەن زیرەک تێی دەچریکاند: هەی نار هەی نار باوانم یار! دەنگی گۆرانی فەزای شەوەزەنگی دەشکاند و ماڵی پڕ دەکرد.


من «چرا»ی بێسارانیم دەبردەوە سەر بیرەوەرییەکانی ماڵە کۆنەکەمان و شەوی تاریکی ئەو سەردەمانەم پێ ڕوون دەکردەوە. ئەسپە سپی و ڕەش و بۆرەکان بە یاڵی درێژیانەوە، کۆتری زەرد و بۆر و سپی و ئەبڵەق، کەڵەشێر و مریشکی خوار باخچەکەمان، پشیلەی ڕەش و سپی و چاوبادامی، هەموویان لە زەینمدا زیندوو بوونەوە. دەتگوت بەڕاستی لە هەمان ماڵ و بە دەوری هەمان چرای گرسۆزەوە کۆ بووبووینەوە، باوکم شانامەی بە دەنگی بەرز بۆ دەخوێندینەوە و بە کوردیش بۆی تەرجەمە دەکردین. دەنگی عاملاوی حەسەن زیرەک بێدەنگی قورسی شەوی دەشکاند، هەر چۆنێک بوو ئەو ڕۆژە تێپەڕ بوو، منیش وێنەکانم کێشایەوە، سبەینێش تێپەڕ دەبێت، ژیان لە وەستان نایەن.»

ئەوە ئێوە و ئەوەش شیعری مەلا مستەفای بێسارانی (١١١٣-١٠٥٢)[٢] بە ڕازاندنەوەی هونەرمەندی هاوچەرخی کورد کاک ناسر قازی زادە:




## تابلۆی یەکەم

شیعری بنەما:
چراخم! شەندی...
تۆ توخم هیجران وە بەختم شەندی!
تۆ وەشی دنیا جە دەستم سەندی!
تۆ ڕیشەی نەشات زیندەگیم کەندی!
تۆ جام زووخاو میحنەت پێم نۆشای!
تۆ سیادەوار وە جەستەم پۆشای!
تۆ وە گەردنم خەمان کەردی بار!
تۆ کەردی سۆمای نوور دیدەم، تار!
تۆ وەستا جە تەخت مەرتەبەی شایی!
تۆ دای وە دەستم عەسای گەدایی!
تۆ لونگ مەجنوون وەستی وەشانەم!
تۆ دەستەی ئایر وەردای وەیانەم!
چراخم! ئەرهەن جەفات جەی فیشتەر،
سزام دەر سزا، ڕۆبەڕۆ فیشتەر
ئەر سەد هیجرانت وە جەستەم بارەن،
دڵ بە جەفای تۆ هەر گرفتارەن.
*(ل١٩ای الف دەستنووس، ل٢٠٠ی کەشکۆڵ)*



## تابلۆی دووەم:

شیعری بنەما:
چراخم! بە چەم...
بەینەت دووری بدارە بە چەم!
ئەورۆ بینایی دیدەم بیەن کەم
فەلەک جیاکەرد من و تۆ جەهەم
نەبا خاترت جێم بگیرۆ گەرد
نە دوور وەتەنیم مەیلت بیۆ سەرد
هەر پاسە بیەن شەرت دڵداران
بەینەت دووری بە چەم مەداران
من ئەرچە غەریب دوور جەزامەنم،
هێمای ئەو غوڵام دەست وەدامەنم
کەسێ کە ئاهەنگ ڕەسم یارشەن،
جە دوور وەتەنان کەی بێزارشەن؟
*(لاپەڕەی ١٧ الف دەستنووس، ل١٩٠ی کەشکۆڵ)*





**تابلۆی سێیەم**:

شیعری بنەما:
چراخم! چوونم؟...
چون واچوو جە دەست هیجرانت چوونم
گیرودەی ئافاق دەور گەردوونم
سەبرت سو چنا یانەی دەروونم
بە ویت مەزانی دڵ چەند سەبرش بەرد
پەردەی سرپۆشا، شکایەت نەکەرد
ئیسە ها سەبرم جە تاقەت بڕیا
یانەی سەبرم سەفت، پەردەی دڵ دڕیا
پۆسەشان واتەن حەکیمان ساڵ
جە ماوای سەبرم سەنگ مەبۆ بەلاڵ
من چەند سەبرم بەرد سەنگ نەبی بەلاڵ
من یا بیم بە سەنگ، سەنگ بی بە زوخاڵ
*(ل١٧ الف دەستنووس، ل١٩٠ی کەشکۆڵ)*




**تابلۆی چوارەم**:

چراخم! بێ تۆ گوڵان وەهار
مەیان وە دیدەم بە نێشتەر هەزار
هەریەک چون نێشتەر، بەرگوزیدەی من!
بێ تۆ شکاوا پەردەی دیدەی من
بەڵێ بەبێ تۆ مەدیۆ نەلێشان
مەیان وە دیدەم تیژتەر جە نێشان
غەیر جە بی تۆیی چێش مەبۆ فێشتەر
گوڵان حەریر، کەری بە نێشتەر؟
*(ل١٨ی ئەلف دەستنووس، ل١٩٣ی کەشکۆڵ)*



**تابلۆی پێنجەم**:

شیعری بنەما:

چراخم دەردەم!...
شەوێ جە شەان دێونا دەردم
خەیاڵ خەم ئاوەرد، پەژارە بەردم
تا سوپ سپی بی، شەوکەرد، من کەردم
نەعرەدام، ناڵام تا بە شەبەق زەرد
زەڕڕێ خاو وەبان دیدەم مەیل نەکەرد
هەرکەس گۆشش دا بە ئاهـ و ناڵەم
«لاحەول» مەوانا پەی شوومی تاڵەم
مەواتش یاڕەب یە کام دەردینەن؟
شەوان هەر نە فیکر زایەڵە و شینەن
تا وەسوب هەرکەس وە نەم بی نەزداو،
جە شوومی ئەو شۆ هیچ نەکەردن خاو
سەدبار واتەن پێم: جە زوان لەنگ بای!
دەیسە ساکن بە، بە سیاسەنگ بای!
*(ل١٧ ب دەستنووس، ل١٩٢ی کەشکۆڵ)*



**تابلۆی شەشەم:**

شیعری بنەما:
چراخ! سیای تۆ...
بە هەردوو دیدەی مەست سیای تۆ!
بە نیم نیگای ناز ناگادیای تۆ!
بە زولف حەبەش پەشێویای تۆ!
بە تاق ئەبرۆی قەڵەم کێش تۆ!
بە موژەی ناواک ژارنێش تۆ!
بە ڕێزی ڕازان شەکەر ڕێز تۆ!
بە ناف ئاهووی عەنبەربێز تۆ!
بە باڵای چون سەڵو خەرامان تۆ!
بە جەور و جەفای بێ سامان تۆ!
یە گشت سەوگەندبۆ، جەمین وێنەی جام!
دووری تۆ کەردەن خاو وەنەم حەرام
*(ل١٦ الف دەستنووس، ل١٨٤ی کەشکۆڵ)*

پەراوێز:

(١) نیاز لە دەستنووس، کۆمەڵەشیعرێکی هەورامییە، کە لە کتێبخانەی بریتانیا لە شاری لەندەن پارێزراوە و ژمارەی or.٦٤٤٤ی پێ دراوە. کۆمەڵەشیعرەکە شێوازی کەشکۆڵی شاعیرانی هەیە کە، درەنگتر بڵاو بووەوە. بڕوانە: کەشکۆڵەشیعرێکی کوردی «گۆرانی»، گردەکۆیی شێخ عبدالمؤمنی مەردۆخی، ساغکردنەوە و سەرەتانووسینی ئەنوەری سوڵتانی، ترەستی سۆن بۆ کوردستان، لەندەن ١٩٩٨، ٤٤٨ لاپەڕەی کوردی و ٦٠ لاپەڕەی ئینگلیزی.
(٢) مامۆستا عەلائەدین سەجادی لە مێژووەکەی خۆیدا ساڵی لەدایکبوون و مردنی بێسارانی بە ١٠٥٢(١٦٤١ز) و ١١٣(١٧٠٢ز) نووسیوە (لاپەڕەی ١٨٠). بەڵام مامۆستا بابامەردۆخ ڕۆحانی لە بەرگی یەکەمی «تاریخ مشاهیر کرد»دا لە زمان بەڕێز مامۆستا سەید طاهیر هاشمییەوە دەڵێت: «وا هەیە بێسارانی تا ساڵی ١٠٩٠(١٦٧٩) لە ژیاندا مابێت.» بڕوانە: بابامردوخ روحانی، تاریخ مشاهیر کرد، جلد اول، سروش، تهیران، ١٣٦٤[١٩٨٥]، صفحه١٦٧

مارچی ٢٠٠٦

# گوڵەوەچنی



تابان کەماڵ

**کەی لە هونەر تێدەگەتیت؟**
«ئەو ســاتەی بڕوا بکەیت لە هونەر تێگەیشتوویت، ئەوە مەرگەساتی خۆتە!»
(ئۆسکار وایڵد ١٨٥٤- ١٩٠٠) ڕۆژنامەی داگبلادە، ئۆسلۆ ٢٠٠٥/١٢/٧

**کەر**
ئەگەر قەڕەزای لە زێڕ بکەی کەر
ئاوی بدەیتێ لە چەشمەی کەوسەر
ئالیکی بدەی لە گەنمی ئیرەم
ئاخوڕی بەستی لە خاکی حەرەم
لە ملی بکەیت تەوقی زیو و زەڕ
هەتا قیامەت هەر کەرە و هەر کەر
(کەمالی ١٨٨٦- ١٩٧٤، دیوانی کەمالی ١٩٨٦ بەغدا، ل١٩٠)

بەگوێرەی هەواڵێکی هەفتەنامەی ئاوێنە، (٢٠٠٦/٥/٣٠) لە گوندێکی نزیک زڕگوێز، بەهۆی کەرێکەوە، دەبێتە کێشە و ناکۆکی. کار دەگاتە چەکڕاکێشان و لەئەنجامدا کەسێک دەکوژرێت و سێ کەسی دیکە بریندار دەبن.

**درۆی سیاسی**
«هەرچی پارتیی سیاســی هەیە، هێنــدە درۆکانی خۆیان قووت دەدەن، لەکۆتاییدا دەیانکوژێت.»
(جۆن ئاربوتهۆنت، ١٦٦٧- ١٧٣٥ زانایەکی ماتماتیکی سکۆتلاندی)

ڕۆژنامەی داگبلادە، ئۆسلۆ، ٢٠٠٦/٢/٢٣

**حکومەت و وەزنی شیعر**
«ئەگەر بەشــداربوون هــەر بۆ وەزنی شــیعر بێت، یان پیشــاندانی وەفدێکی بیانی بەوەی بڵێن حکوومەتەکەمان لە حکوومەتێکــی فرەلایەنە پێک هاتــووە، ئەوا حزبەکان کەمتر دڵسۆزیان دەبێت بۆ حکومەت»
(محەمەدی حاجی مەحمود، سایتی پەیامنێر ٢٠٠٦/٤/٢١)

**( ٣ ) و ( ٣٠٠ )**
«هــەر ٣ کــەس لە ١٠٠٠ کەس، لە تورکیــادا، کتێبەکانم دەخوێننــەوە، بەڵام ٣٠٠ کەس لە ١٠٠٠ کەس، تێڕوانینی ” توندیان“ دەربارەم هەیە!»
(ئۆرهان پامۆک ١٩٥٢ – )، ڕۆژنامەی ئافتن پۆستن، ئۆسلۆ ٢٠٠٦/٤/٢٤

ئۆسلۆ ٢٠٠٦/٦/١

# هێمن... لە بەهاری شیعر و پاییزی سیاسەتدا!

پشکۆ نەجمەدین

مامۆستا هێمن، یەک لە شاعیرە گەورەکانی سەدەی پێشووی میللەتی ئێمەیە... شاعیرێک، کە ڕۆحی شیعر بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە و قەدەری سیاسەت بە هەموو جەنجاڵییەکانیەوە، پێکهاتە و ستاتووی ئەو پێک دەهێنن.

من، بڕوام بە تیۆری (لەدایکبوونی «دەق» و مەرگی نووسەر) نییە. پێچەوانە، پێم وایە، لەژێر پێستی پەیڤەکانی هەر دەقێکی ئەفرێنراودا، ڕۆحی خالیقەکەی زرت و زیندوو، لێمان دەڕوانێت. منیش، هێمن گوتەنی: «کە شیعری شاعیرێک، یا نووسراوەی نووسەرێک دەخوێنمەوە، چ زیندوو، چ مردوو، پێم خۆشە خۆیشی بناسم، بزانم کێیە؟، خەڵکی کام وڵاتە؟، کاری چییە؟، چۆن دەژی و ئەگەر مردووە، چۆن مردووە و... هتد.» [تاریک و ڕوون، لەکوێوە بۆ کوێ]

قسەی من، لەسەر شێوازی ژیان و مردنی هێمن نییە، هێندەی دەمەوێت قسە لەسەر ئەوە بکەم کە پرۆسەی پێچەڵپێچی ژیان و قەدەری سیاسەت (کە دەکاتە قەدەری ژیانی میللەتی ئێمە)، چەند و تا کوێ ڕۆڵیان لە بنیاتنان و بەرهەمهێنانی هێمندا، وەکو شاعیرێکی گەورە و زێدەناسراوی کورد، هەبووە؟!

پاشان دێمەوە سەر ئەو بۆچوونە باوەی کە خودی هێمنیش جەختی لەسەر کردووە، ئەویش بۆچوونی «سیاسەت شیعر دەکوژێت، یاخود سیاسەت بکوژی شیعرە!»

داخۆ چەمک و مانای ئەم بۆچوونە، هەتا کوێ دەرهەق بە گەورەیی هێمن، ڕاست دەگەڕێت؟!

ئەز پێم وایە، دەکرێت «سیاسەت» لە میانەی هەندەک گۆشەنیگا و تێڕوانینەوە، بکوژی «شیعر» بێت. شیعر وەک هونەرێکی ئەبستراکت. دەشێت سیاسەت، زەرەر لە پرۆسەی داهێنانی شیعر بدات و هەمانکاتیش، فەزایەک بۆ خولقاندنی پاڵەوانێک لە



پشکۆ نەجمەدین

پانتاییی بزاڤی ئەدەبی و ڕۆشنبیریی میللەتێکدا ئاوەڵا بکات، کە خودی سیاسەت و ڕووداوە سیاسییەکان، لە سەردەمە جیاوازەکانی ژیانی ئەم کەسەدا، دەبنە ئاوێنەی نیشاندانی کاراکتەرەکانی ئەو پاڵەوانە (ئەو شاعیرە، ڕۆشنبیرە) و خەرمانەیەک لە پیرۆزیش لە دەوروبەری نەخش دەکەن. دەکرێت ئەم پرۆسەیە وەها بکەوێتەوە، کەسی گریمان (کە لێرەدا مامۆستا هێمنە)، ببێتە باڵانمای نیشاندانی مێژوویەک لە ئازار و تراژیدیای میللەتێک، بە ئەوی دی!، یاخود بە نەوەکانی خودی ئەو میللەتە.

ئەم بۆچوونەی من لەسەر «سیاسەت» دەشێت ساتێک مانایەکی هەبێت، کە ئێمە چەمک و تێگەیشتنە زانستی و مۆدرنەکەی سیاسەت وە لا نێین و مانایەکی خۆماڵیی بدەینێ. واتە سیاسەت بە مانا کوردییەکەی کە دەکاتە خەبات و بەرخۆدانی بزووتنەوەی سیاسیی میللەتێک لە پێناوی ئازادی و سەربەخۆییدا.

ڕۆشنە، کە سیاسەت یاخود دۆخی بزووتنەوەی شۆڕشگێڕانەی چ میللەتێک، توانای بەخشینی ئەو خەسڵەت و سیفەتانەی بە هەموو شیعربێژ و قەڵەمبەدەستێک نییە.

ڕووداو و ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی دوادەیەی نیوەی دووەمی سەدەی بیست لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، قەدەر و ڕێچکەی ژیانی گەنجێکی خوێندەوار و لیوانڕێژ لە هەستی جوانپەرستی و وزەی شۆڕشگێڕی، لە بازنەیەکی تەسک دەردەهاون و بەرهەڵدای نێو پانتایی بزووتنەوەی ناسیۆنالیستیی کوردی دەکەن. ئەوە چارەنووسی بزووتنەوە سیاسییەکەیە، کە خەسڵەتی «تایبەت» لە هێمن وەردەگرێتەوە و سیفەتی «گشت»ی پێ دەبەخشێت و لە زەینی نەوە جیاوازەکاندا، ئامادەییەکی هەمیشەیی دەداتێ.

## سیاسەت، بەستەڵەکی ئەشقی ژن لە «هێمن»دا

هێمن، وەک خۆی دەڵێ: کۆمەڵەی «ژ.ک.» و کۆماری کوردستان، لە ناخەوە ئەویان تێک هەڵشێلاوەتەوە... گۆڕانێکی سیاسی و فیکری و ئەدەبییان لەودا بە وجود هێناوە... هێمنی جوانپەرست و هەتا سەر ئێسک ئاشقی ژن، لەو ڕۆژگارەدا دەڵێت:

*ئاشقی چاوی کەژاڵ و گەردنی پڕخاڵ نییم*
*ئاشقی کێو و تەلان و بەندەن و بەردم ئەمن...*

بەیتێکی دیکەی هەمان شیعر:

*من لە زنجیر و تەناف و دار و بەند، باکم نییە*
*لەت لەتم کەن، بمکوژن، هێشتا دەڵێم کوردم ئەمن!*

[شیلانئاوێ...١٩٤٢]

هێمن، ساڵی ١٩٤٢ی دە بن ئەم شیعرەدا نووسیوە. کە وایە، مێژووی نووسینی ئەم شیعرە، مێژووی دامەزراندن و

کەوتنەگەڕی کۆمەڵەی «ژ.ک.»ە.
ئەوەی هێمن لە قوتابخانەی پەروەردەیی «ژ.ک.»ی دەگێڕێتەوە، ئێمە پاش نزیکەی ٣٠ سالان لە فێرگەی کۆمەڵەی مارکسیی ـ لینینی کوردستاندا، ئەزموونمان کرد. گۆڕینەوەی هەموو ئەشقەکان بە ئەشقی شۆڕش، هەموو لەززەتەکان بە لەززەتی تێکۆشان، هەموو جوانییەکان بە جوانیی نیشتمان. قسەم لەسەر دروستبوون یان نەبوونی ئەو میتۆدەی پەروەردەکردن نییە و ئەوە باس و بابەتێکی دیکەیە.

ئەم شیعرەی هێمن، سالانیکی زۆر، پێش چاپکردن و بلاوبوونەوەی «تاریک و ڕوون»، لە سابلاخەوە باڵی گرت و لە هێزی بەشێکی زۆری خوێندەوار و نەخوێندەواری نەوەی ئەوێ ڕۆژێی کورددا، هێلانەی چێ کرد.


ئەم شیعرە، هەڵگری پەیامی ئاڵشتکردنی هەموو ئەشق و لەززەتەکانی تاکی کوردە، بە ئەشقی گەل و نیشتمان. ئەم پەیامە، پاشتر، لەشکرێک لە دەروێشانی تەریقەتی شۆڕش دەخولقێنێت. لەشکرێک، لەگەڵ هەموو نسکۆ و تێکشکانێکی شۆڕشدا، دەروێشانی تووشی تێکشکانی ڕۆحی و دەروونی دەبن.

ئەو دێڕە شیعرە، ئەو وێناکردنە بۆ ژن و ساتوسەودای ئەشقی ژن لەگەڵ ئەشقی نیشتماندا، لە سەرتاسەری دیوانی هێمندا ڕیزپەڕە و هەرگیز دووپات نابێتەوە. پێچەوانە، لە سەرجەمی بەرهەمی شیعریی قۆناغە جیاوازەکانی ئەزموونی نووسینی هێمندا، جمکی ئەشقی ژن و نیشتمان، هێندە ئامێتە و تێکچڕژاون، هیچ کامیان بێ ئەوی دی، مانایەکی نییە. ئەشقی ژن بە هەموو ڕەهەندەکانیەوە، ئەشقی «شەنگەبێریان»ی کوێستان و «مینیژۆپ»لەبەرانی گەرمێن، تانوپۆی دیوانی «هێمن»ی تەنیوە....

*«لەو دەمەی ڕا دڵم لێی داوە بۆ ژوان*
*من دێوانەی چاوی جوانم، چاوی جوان».*
*«تۆ بەڵێنم پێ بدە تا من بەرەو ژوان ببمەوە*
*بمدەیە ماچێکی تر لەم لێوە با جوان ببمەوە»*(٢)

کەچی لە (کوردم ئەمن)دا، لەم سەرەتای دەستپێکەدا، هێمن لە قاڵبی شاعیربوون یاخی دەبێت و دەبێتە پەیامبەرێک کە بە زمانی شیعر، هەڵگری پەیامی شۆڕشێکە، شۆڕشێک کە هەموو خواست و خولیاکانی تاک و کۆمەڵ، لە خۆی دەگرێت و هیچ ئەشقێک لە دەرەوەی ئەو ئەشقە پیرۆزە، مانایەکی نابێت!

هێمن، وەک خۆی دەڵێت: لەو سەردەمەدا، لە پێناوی ئەشقی شۆڕشدا، دەست لە جوانترین و گەورەترین ئەشقی ژن هەڵدەگرێت. ئەم دەستهەڵگرتنە، ڕۆحی جوانپەرستیی »هێمن«ی بە جۆرێک زامدار کردووە، تا ئاویلکە و سەرەمەرگیش دەست لە ئێخەی ناکاتەوە!



مامۆستا هێمن

*« ئێستا پیرم و کەوتوومەتە ئاویلکە*
*چاوی جوانم لێ ون دەکا چاویلکە»*
(شیعری چاویلکە)

*«کوانێ ئەو پەنجە کە توندی دەگوشی مەمکی توند*
*کوانێ ئەو پێ یە کە بۆ ژوانی دەچوو گونداوگوند؟»*(٣)

ئاخر ئەوەتا هێمن، لە دوارۆژەکانی ژیانیشیدا دەڵێت: «جوانیش زۆر تەئسیری لە من کردووە... جوانی دیارە بە هەموو مەعنای کەلیمەوە، بەڵام جوانترین شتیش لە نەزەری مندا ژن بووە! [هێمن بۆ مامۆستای کورد، ساڵی ١٩٨٥، ورمێ]

ئەم جێگۆڕکییەی نێوان شاعیر/ پەیامبەر، شیعر/ پەیام، وەک لە دەستپێکدا گوتم، خولقێنراوی هەلومەرجێکی سیاسیی تایبەتە، ئەویش بارودۆخی ئەو ڕۆژگارەی بزووتنەوەی کوردە، لە ڕۆژهەڵاتدا.

## تاریک و ڕوون، ترووسکەیەک لە هەرەسدا

ساڵی ١٩٧٥، ساتێ لەگەڵ هەرەسی ڕنووی شۆڕشدا، لە شاخەوە بۆ شار بەرەوژێر بووینەوە، «تاریک و ڕوون»ی هێمن، پێشوازیی لێ کردین و فرمێسکەکانی شکست و ناهومێدی لە چاوانی ئێمەدا سڕین.

من، ئەگەرچی پێشتر، تاک و تەرای شیعری «هێمن»م دیتبوون، بەڵام «تاریک و ڕوون» بە گشتی و «لەکوێوە بۆ کوێ» بە تایبەت، نەک هەر بە «هێمن»یان ئاشنا کردم، بگرە تابلۆیەکی ڕەنگاوڕەنگیان لە بزاڤی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد، لە ڕۆژهەڵاتدا، لە زەینمدا نەخش کرد.

ئەگەر زێدەڕۆیی نەبێت، دەڵێم: «تاریک و ڕوون» ، لەو ڕۆژگارە نووتەکەدا، بوێریی وەبەر نەوەیەکی تێکشکاو، لە باشووردا نایەوە.

*«بەو خوێنانەی لەو ڕێبازە ڕژاوە*
*گوڵی ئاڵی سەربەستی کورد ڕواوە*
*منیش بە دڵی پڕ لە هیوا و بڕواوە*
*دەڕۆم بەرەو ئاسۆ، بەرەو ئاسۆی ڕوون*
*دەڕۆم بەرەو ترۆپکی ڕزگاربوون.*(٤)

«لەکوێوە بۆ کوێ»، جگە لەوەی توحفەیەکە لە پەخشانی کوردی، ئەوا لە مێژووی نووسینی پەخشانیشدا، لە لوتکەدایە. یادەوەرییەکانی هێمن، لەو پەخشانەدا، گێڕانەوەیەکی بەلەززەتی پانورامای قۆناغێکە لە مێژووی سەروەرییەکان و نەهامەتییەکانی میللەتی ئێمە. هێمن، لەوێدا، هەم بکەرە و هەم شاهێد. ئێمە لەوێدا، لە وێنە گەش و ڕەشەکانی یادەوەریی ئەودا، لە گەوەکانی فراژیبوونی هێمن، وەک کەسێتی/ شاعیر / پەیامبەر دەگەین.

هێمن، دەرکەی چیرۆکی «لەکوێوە بۆ کوێ» بە وێنەیەک کلۆم دەدات، کە بۆ ئەو سەردەمە، پەیامێکی پڕمانایە و وەک نارنجۆک لە هزری نەوەی ئێمەدا، دەتەقێتەوە! «چبکەم، کوردم، کۆیلەم، ئەوانە هەموو و تەنانەت کوژران و کوشتنم پێ لە کۆیلەتی، پێ خۆشترە!» مرۆڤ، لە هەر سات و زەمەنێکدا، دەرئەنجامی پرۆسەی ژیان و ئەزموونەکانی خۆیەتی. هێمن، ئەگەر ئەوە قەدەری ژیانی نەبایە، ئەو «هێمن»ە نەدەبوو کە بوو!

## هێمن: ڕۆحێک لە شیعر!

هەرچییەکی لەمەڕ ڕۆڵی فاکتەری «سیاسەت» لە خوڵقاندنی کاریزمای کەسایەتیی شاعیربوونی «هێمن»دا بنووسین، هەرگیز بە مانای ڕەتکردنەوەی ئەوە نایەت کە ڕۆحی شیعر لە بوون و وجودی «هێمن»دا، پێش قەدەری «سیاسەت» گۆڕاوە و ئامادەیی هەبووە. مەبەستم لە ڕۆحی شیعر، مانا تەقلیدییەکەی «ئیلهام / سروش» نییە کە خودی «مام هێمن»یش ڕەتی دەکاتەوە و بڕوای پێی نییە. «نازانم، ئەو ئیلهامەی کە پێت وابێ، فریشتەیەک یا پەرییەک، با وجوودی من ئەوەم گوتووە، یا شەیتانیک دێتە بنهەنگڵی پیاوی، وە شیعری پێ دەڵێ، من بڕوام بەوەیان نییە.» [لە بەهاری شیلانئاویوە تا پاییزی ورمێ، مامۆستای کورد، ژمارە١٣].

من بۆ خۆم، هێشتا تەفسیرێکی گشتبڕم بۆ هەڵاوێردنی شاعیر لە ناشاعیر یاخود کەسێکی ئاسایی، پێ نییە. دیارە تیور و بۆچوونەکان، لەم بوارەدا فرەن و مشتومڕی زۆریان لەسەرە. ڕەنگە بەرزیی توانستی بینین و فراوانیی فەنتازیای شاعیر بۆ وەرگرتن و وێناکردنی دیاردە و دەرکەوتەکان لە زەیندا و پاشانیش گواستنەوەیان لە چوارچێوەی ڕووداوەکانی زماندا، بۆ نێو ماڵی نووسین، مەرزی جیاکردنەوەی هەست و ئیحساساتی شاعیر و کەسێکی ناشاعیر بن.

هێمن، شاعیرێکی فرەوێنا و فراوانخەیاڵە و بە ئامادەبوونی ڕەگەزە بنچینەییەکانی دیکەی هونەری شیعرنووسین (زمان، وێنە و میتافۆر، ڕیتم و کێش و سەروا... هتد)، خەرمانێک لە شیعری بۆ بەجێ هێشتووین کە ڕسکان و کاملبوونی شیعرەکان، سەروکاریان لەگەڵ زەمەن و چوونەسەری ئەزموونی شیعریی ئەودا هەیە.

هێمن، وەکو شاعیرێکی گەورە و دەرکەوتوو، خوێنەری شیعرناس، لە «تاریک و ڕوون»، «ناڵەی جودایی» و پاشاتریش «پاشەرۆک»ەوە دەیناسێت. کێرڤی هونەر و شیعری هێمن، لە «تاریک و ڕوون»ەوە ڕێچکە دەگرێت و ڕوو لە هەوراز هەڵدەکشێت. زمانی پاراو، هەستی ناسک، وێنەی بگۆ و هەژێنەر لە ناخی قەسیدەی بە فۆرم کلاسیک و بە نێوەڕۆک تژی لە داهێنان و نوێخوازی، دێنە سەما.

*«دەگەڵ تەبیعەت هاودەمی*
*شادی، بەکەیفی، بێ خەمی*
*ئاغاش بە نۆکەر ناگری*
*وەک من لە داخا نامری».*

(تاریک و ڕوون)

لە سەرجەمی «تاریک و ڕوون»دا، هێڵێکی نەپساو لە جوانی، لە دەستپێکەوە بۆ کۆتایی درێژ دەبێتەوە. جوانیی سروشت و مرۆڤ و خەمەکانیان، بونیادی بنچینەیی شیعری (هێمن)ن.

هێمن، لە هەندێک تێکستدا، هەموو جوانییەکان لە جامی جوانییەکانی ژندا کۆ دەکاتەوە و مرۆڤ لە ژندا دەبینێت. هێمن، دیدێکی فەلسەفیی هیومانیستانەی بەرزی بۆ ژن هەیە.

سێکوچکەی خەمەکانی نیشتمان، غوربەت و ژن، لە زمانی پاراوی گوندیدا، بە کێش و ڕیتمی ڕەنگاوڕەنگەوە، دەبنە کۆڵەکەی نەمریی شیعرەکانی تاریک و ڕوون.

ئەزموونی هێمن لە «ناڵەی جودایی»دا، بە لوتکەی شیعر و داهێنان دەگات. ناڵەی جودایی هونەرێکی بەرزی کەمهاوتایە. خورپەی دڵ و سووتانی ڕۆحی شاعیرە لە دۆزەخی غوربەت و ئاوارەیی و مەحروومییەتدا. لە ڕووباری «ناڵەی جودایی»دا، هەست بە سۆز و عاتیفەی پیرەشاعیرێکی مەیزەدەی لە لان و زێدی خۆ هەڵبڕاو دەکەین ، ئەو هەستە چەپۆکانیەتی و ناڵەی گریانی ئەو، بۆ خەونە لەدەستچووەکان، عالەمێکی لەگەڵ خۆی وە گریان خستووە!.

من، پێم وایە، ئەگەر هێمن، بە تەنێ «ناڵەی جودایی» و «ئێشق و ئازادی»ی گوتبا، لە دیوەخانی شیعری کوردیدا، هەمان جێگای پێ دەبڕا.

## پاییزی سیاسەت!

من، دە ساڵ پێش لە ئێستا و بۆ ڕادیۆی دەنگی ئەمەریکا، لە میانەی قسەوباسمدا لەمەڕ هێمن، بۆچوونێکم دەربڕی و ئێستاش دووپاتی دەکەمەوە...

«حیزب، لە دواساڵەکانی ژیانی هێمندا، خراپی مامەڵە لەگەڵ گەورەشاعیری میللەتی ئێمە کرد. ئەگەرچی ئەو هەڵوێستە بێمانایەی حیزب، توێژاڵێکی لە لوتکەی سەروەریی هێمن نەڕوشاند. بەڵام درەنگ یان زوو، دەبێ حیزب لە بەردەم ڕۆحی نەمری هێمندا، بە چۆکدا بێت و داوای لێبووردنی لێ بکات.»

ئەوسات، نوێنەری (حدکا) لە فەرەنسا، ڕوونکردنەوەیەکی لەسەر بۆچوونەکانی من نووسی و لە هەمان ڕادیۆوە بڵاوی کردەوە. ئەو، من و چەند نووسەرێکی دیکەی بە «موغریز» و «تودەییسیفەت» تۆمەتبار کردبوو کە لە پشت (هێمن)ەوە، تانە و تەشەرمان لە (حدکا) داوە و گرفتمان لەگەڵ سیاسەتی (حدکا)دا هەیە.

من، ئەگەر ڕۆژگارێک گرفت و کێشەی فکری و سیاسییم لەگەڵ حیزبەکانی کوردستانی باشووردا هەبووبێت، ئەوا هەرگیز لەگەڵ حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتدا، کێشەیەکم نەبووە و هەمیشە بە چاوی ڕێزەوە لە خەباتی وانم ڕوانیوە.

من، پێم وایە، کاری باش بۆ مامۆستا هێمن ئەوە بوو، پاشی شۆڕشی گەلانی ئێران و گەڕانەوەی بۆ کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە دەرەوەی سیاسەت و حیزبایەتی ماباوە و خۆی لە کێشەکانی دەروونی حیزب نەخستبا. ئەو، ئیدی زۆر لە سیاسەت و حیزب گەورەتر بوو. ئەو بۆ خۆی سیمبۆلی خەباتی دەورانی کۆماری کوردستان و خۆشەویستی پێشەوا بوو. هێمن، وەک هەر سیاسەتکار و سیاسەتمەدارێکی دیکەی کورد، هەڵەی کرد! ئەو وایدەبینی کە حیزب جورئەتی ئەوە ناکات، ئازاری ڕۆشنبیرێک بدات کە خۆی ناوی «شاعیری گەل»ی پێ بەخشیوە. داخەکەم، سیاسەتی کوردی زۆر لەوە دڵڕەقتر بوو کە هێمن پێشبینی کردبوو.

ئاپریڵ ـ مای ٢٠٠٦

سەرنج و ژێدەر:

ـشیعرەکانم بەو ڕێنووسەنووسیونەتەوە کە لە (دیوانی هێمن موکریانی)دا بە کار براون. بڕوانە: دیوانی هێمن موکریانی، پێشەکی و پێداچوونەوەی، س.ج. هێرش، چاپی یەکەم، کتێبخانەی هەرزان٢٠٠٣، سوید.

١ـ دیوانی هێمن موکریانی، ل٣٢٠
٢ـ هەمان سەرچاوە، ل٣٥٤
٣ـ ل٣١
٤ـ ل٢١٢